# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە


**بەبۆنەی پێنجەمین ساڵیادی دەرچوونی بۆپێشەوە وە بەشێک لەنووسەر، ڕۆژنامەنووس، هەڵسوڕاوی سیاسی و هونەرمەند بۆچوونی خۆیان لەسەر بۆپێشەوە دەخەنە ڕوو**

**لاپەڕە**... 13-12


**ساڵی پێنجەم ژمارە(95) بەرواری 1–4–2021** **بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە** **مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێكدا دەردەچێت**


# دەسەڵات و حزبە سیاسییە بۆرژوازییەكانی كورد نوێنەرایەتی پرسە سیاسی و داخوازییەكانی خەڵكی كوردستان ناكەن!

## وتەی ژمارە

دەسەڵات و حزبە سیاسییە بۆرژوازییەكانی كورد نوێنەرایەتی پرسە سیاسی و داخوازییەكانی خەڵكی كوردستان ناكەن!

كێشمەكێشی نێوان بزوتنەوەی ناسیونال/ ئیسلامی عێراق و بزوتنەوەی ناسیونالیستی كورد، لە جەرگەی ململانێیەكی فراوانتردا، لەسەر پرسی بودجە و پشكی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢١ دوبارە دەستی پێكردۆتەوە.

پرس و پشكی بودجە، بەشێک یان گۆشەیەک لەململانێیەكی فراوانترە كە لە نێوان بزوتنەوەی ناسیونالیستی كورد و بزوتنەوەی ناسیونال/ ئیسلامی عیراقدا، لە ئارادایە. ململانێی نێوان ئەم دوو بزوتنەوەیەش بە پلەی یەكەم سیاسی و لەسەر دەسەڵات و لەرێگای دەسەڵاتیشەوە لەسەر پاوانی داهات و هەژموونییە بەسەر سامان و بەتایبەتیش نەوت دایە.

لە گەڕی دانووستاندنەكانی ئەم جارەدا، كە تایبەتە بە بەشی هەرێم لە بودجەی گشتیدا، ئەگەر هەردوو لا ڕێک بكەون و یان نا... هیچ لەو ململانێی سیاسیە ریشەدارتر و مێژوویە ناگۆڕیت كە بزوتنەوەی دینی و ناسیونالیستی عەرەبی لەگەڵ بزوتنەوەی كوردایەتی هەیانە، لەسەر پرسی سیاسی و حقوقی و رادەی دەسەڵات و پشكی هەرێم لە داهاتی عیراقدا. بەڵام چۆنیەتی ڕیكەوتنەكە كاریگەری...

**بۆ لاپەڕە 2**



## شێخ قادر یەكێك لەرابەرانی كرێكاریی بۆ هەمیشە جێی هێشتین!

كۆتایی مانگی مارس شێخ قادر یەكێک لە ڕابەرانی كارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە بۆ هەمیشە چاوەكانی لێكنا...

بۆ ناسینی كەسایەتی ئەو رابەرە كریكارییە و رۆڵی لە بزوتنەوەی كریكاریی و بەتایبەتیش لە كارگەی چیمەنتۆت تاسلوجەدا، هاوڕیی نزیكی ئەو هاوڕی" ستار حەمە عەلی" ناسراو بە ستاری چیمەنتۆ دەڵێت" بەداخ و دڵگرانییەكی زۆرەوە، ئەم ئینسانە جوانەی لەم وێنەیەدا دەیبینن، كاک شێخ قادر بۆ هەتا هەتایی بەجێیهێشتین!


**بۆ لاپەڕە 2**

## نەوال سەعداوی ژنە یاخی لە ستەمی سەر ژنان و كۆنەپەستی بۆ هەمیشە چاوەكانی لێكنا!

نەوال سەعداوی وەكو ناسراوترین ژنی رۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهانی عەرەبی، وەكو ناسراوترین ژنی یاخی لەستەم و بێمافی ژنان و راوەستاو بەرامبەر بە كۆنەپەرستی ئیسلامیدا لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا ماڵئاوایی یەكجاری كرد.

نەوال سەعداوی، هەموو تەمەنی خۆی ئاوێزانی خەبات بۆ هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگە، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ستەم كیشی سەر ژنان و بۆ وەستانەوە بەرووی كۆنەپەرستی دەسەڵات و رەوتە ئیسلامیەكان كرد... لەو راستایەشدا بووە

**بۆ لاپەڕە 3**




### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* حزبی دیموكرات و چالاكی سیاسی..........................................ل3

*عەبدوڵەتیف سەلەفی و ترامپ و كۆرۆنا و یەك بەرە.................ل5

*چۆن بەرەنگاری ڕەوتی فاشیزم دەبینەوە لە كوردستان؟............ل10_11


### لینین لە لاپەڕەیەك لە یادەوەریەكانی ترۆتسكی

### دا، یەكەمین دیداری نێوان لینین و ترۆتسكی..ل4

### بۆپێشەوە

### پێی نایە ساڵی پێنجەمەوە! ل6



**پرسی ژن**

ل 7

**گۆشەی ئەدەب و هونەر**

ل 8-9



وەستا جەلال

**لە سیهەمین ساڵیادی ئاوارەیی خەڵكی كوردستاندا**

**وەستا جەلال و یوسف عوسمان لە دیمانەیەكی تایبەتدا بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...ل14-15**



یوسف عوسمان

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی وتەی ژمارە

لەسەر پرسی سیاسی و حقوقی و پێگەی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دەبێت.

ئەوە ڕۆشنە کە بزوتنەوەی شیعەی سیاسی و ناسیونالیستی عەرەب، لەکاتی روخاندنی دەسەڵاتی بەعسەوە تا ئێستا، سەرباری ناکۆکی نێوانیان و پەرتەوازییان، توانیویانە پاشەکشە بە پێگەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بکەن. ئاستی داخوازییەکانیان لەسەر هەرێم زیاد و دەسەڵاتەکەشیان سنوردارتر و تاڕادەیەکیش پابەندیان کردوون، بەدەسەڵاتی ناوەندییەوە.

ئامانجیش لە سنوردارکردن و لاوازکردنی بزوتنەوەی کوردایەتی، هێنانەخوارەوەی ئاستی چاوەڕوانیەکانیان و پاشەکشەپێکردن بە تەماحی سیاسییانە. لەو نێوەدا پرسی داهات و لەناو داهاتیشدا پرسی نەوت و غاز مەسەلەی میحوەرییە.

بەهەر ئەندازە مەلەفی داهات و نەوت لەدەستی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەربێت، بەهەمان ئەندازەش تەماحی سیاسییان بەرەو پوکانەوە دەبرێت. هەر ئەوەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی مل بە رادەستکردنی پرسی نەوت نەدات و بە دووریش دەزانرێت هیچ ڕێکەوتنێک لەسەر ئەو پرسە بە مەنزڵی خۆی بگات. ئەمەش یەکێک لە مەبنای شکستی هەموو ئەو ڕێکەوتنانەیە کە لەنێوان بەغدا و هەرێمدا روودەدات.

ئەگەر بازنەی" سازان، شەڕ، سازان" چوارچێوەی جەنگ و ململانێی سیاسی و سەربازی و دیبلۆماسی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی بەعسدا، پێک دەهێنا. ئەگەر جەنگ و پێکدادانی سەربازی بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵاتی بەعس بوو بۆ سازان بەمەبەستی بەشداری کردنییان لەدەسەڵاتدا، ئەوا لەدوای کەوتنی دەسەڵاتی بەعسەوە بازنەی" هەرەشە، سازان، هەرەشە" جیگای گرتۆتەوە، بەڵام بۆ ئامانجێکی تر کە ئەمجارەیان، هاوبەش بوونە لە داهات و سامانی عیراقدا. ئەو چەکەش کە ئەمجارە هەرەشەی پێدەکرێت، نە دەستبردنەوە بۆ یاخی بوونی سەربازی و نە دەستبردنە بۆ بەدەستەوەگرتنی ئاکامی ریفراندۆم و بۆ جیابوونەوە، بەڵکو فایلی نەوتە. بەڵام فایلی نەوتیش راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ململانێییەکی سیاسی قوڵترەوە، وە شەتەک دراوە بە پرسی چارەسەرنەکراوی کێشەی کوردەوە. هەر بۆیە هەر کاتێک بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی لە ڕێکەوتن لەسەر پرسی داهات و نەوت لەگەڵ بەغدا ئومێد بڕ دەبن، پەنا دەبەنەوە بۆ بەدەستەوە گرتنی ئەو فایل و دۆسیانەی دەرهاویشتەی پرسی کیشەی سیاسی خەڵکی کوردستانن، وەکو کەرکوک، ناوچەی کیشە لەسەر، سنور...تاد. کاتێکیش لە رازین لە بەشی بودجەو داهات، باسێکیان لەسەر هیچ کام لەپرسە بناغەیی خەڵکی کوردستان، نییە. ئەمەش نیشان دەدات تا ئێستا پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان و بە چارەسەرنەگەیشتنی گەورەترین خێر و بەرەکەتە هەم بۆ مانەوەی خۆیان و هەم بۆ بەدەستەوەگرتنی لە پێناو ئامانجی تر.

واتە هێشتا پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان، ئەو کارتەیە کە بزوتنەوەی کوردایەتی هەمیشە بەدەستیەوە دەگرێت وەکو کارت و هەڕەشەیەک لە پێناو داهات و نەوت و مانەوەی ئەو دەسەڵاتەی لە ساڵی ١٩٩١ وە، لەدەستی گیربووە. لەوەش زیاتر هەر ئەم پرسەش بۆتە ڕیگایەک تا بزوتنەوەی کوردایەتی لەدڵی قوڵترین ئەزمەی ناوخۆیی خۆیدا، دەستی بۆ ببات و خۆی پێ ئابدیت بکاتەوە و خەڵکی نارازی کوردستانیشی پێ بترسێنێت. هەروەکو ئەوەی کە هەرەشەی دەرەکی هەمیشە کارتیک بووە بۆ مانەوەی خۆیان و لەلایەکی تریشەوە بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان.

ئەوەی کەوای کردووە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەمیشە کارتی کێشەی خەڵکی کوردستان و کێشەکانی تریان لەگەڵ بەغداوە بەدەستەوە بێت، واقعیەتێکی تاڵە، بەڵام واقعییە. ئەو واقعیەتە تاڵەش ئەوەیە کە چەپ و کۆمۆنیزم بەکردەوە دەستی لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی کوردستان و کێشەکانی لەگەڵ بەغدا بەرداوەو بەتەواوەتی بۆ بزوتنەوەی کۆنەپەرستی کوردایەتی جێی هیشتووە. کە ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانەیە کە چەپ و کۆمۆنیزمی توشی لاوازی کردووە.

لە نەبوونی هێزو بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەو چەپ و کۆمۆنیستیدا، بزوتنەوەی کوردایەتی سەرباری ئەو نەفرەتە گشتی و جەماوەرییەی رووبەرووی بۆتەوە، خۆی بە پرسە واقعیەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەڵواسیوەو خاوەنداریێتیەکەی پاوانی خۆی کردووە، لە پێناو خواست و ویستی بۆرژوازی کورددا.

ڕێکەوتنی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ بەغدا، یان ڕێک نەکەوتنیان لەسەر پرسی داهات و بودجە و نەوت و سامان، بەشێکە لە ململانیی بزوتنەوە بۆرژوازییەکان لە عێراقدا و بەدیاریکراوی درێژکراوەی بەرامبەرکێی بزوتنەوەی کوردایەتییە لەگەڵ بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئیسلامی و ناسیونالیستی عروبی، بەڵام کاریگەری و زیان و دوکەڵی ئەو ململانییە، لەسەر چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانە.

بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی کە بەهیچ جۆرێک نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان و خواستەکانی ناکەن، پێویستە کەناربخرێن، هەنگاوی گرنگیش لەو راستایەدا نوێنەرایەتی کردنی ویست و خواستەکانی خەڵکی کوردستانە لەلایەن بلۆکی چەپ و کۆمۆنیزمەوە.

ڕاماڵینی دەسەلات خواستی رەوای چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگەیە، یەکێکیش لەو دۆسیانەی کە چەپ و کۆمۆنیزم پێویستە بە کردەوە نوێنەرایەتی بکات، کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی و نوینەرایەتی کردنی کێشەکانی ئێستای جەماوەری کوردستان لەگەڵ بەغدایە. سامانی نەوت و غاز و نا نەوتی، داهات و بەرهەمی چینی کریکار و بێبەشانی سەرتاسەری عیراقە، ئەوان خاوەنی ئەسڵی سامان و داهاتی عیراقن، کە بۆرژوازی لە ئاستی عیراق و کورستاندا لەلایەن باڵە جیاوازییەکانیەوە بەدەستیانەوە گرتووە. بۆ دەرهێنانی ئەو سامان و داهاتە لەدەستی باڵە رەنگاو رەنگەکانی بۆرژوازیی عێراقیدا، هەنگاوی یەکەم لەدەسەلات خستن و ڕاماڵینیانە، بەلام ئەمە بەبێ ئەوەی چینی کریکاری و جەماوەری نارازی بۆ ریکخراو ئامادەبکرێت، شوینیک ناگات. لەوەش زیاتر پێویستە چینی کرێکار و بێبەشانی لەدەوری پرۆژەی سیاسی ڕێکبخرین و لەخەباتیکی ریکخراو ئامانجدارانەدا هاوسەنگی هێز بۆ راماڵینیان ئالۆگۆری بەسەردا بێت. سوکان و ئاراستەی جولانەوەی راماڵینی دەسەلات لە ریگای بەدەستەوە گرتنی پرسە سیاسییە بناغەیەکانەوە، لەلایەن کۆمۆنیزمەوە نوێنەرایەتی بکرێت. ئەمە زامنی راماڵینێکە کە ئاییندەو بەرهەمەکەی بۆ چینی کریکار و بێبەشان دەبێت.

**سەرەتای ئەپریلی ٢٠٢١**

## درێژەی... شێخ قادر یەکێك لەرابەرانی کرێکاریی بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا!

جوانیی ئەم مرۆڤە، بریتیی بوو لە جوانیی بیرکردنەوە، جوانیی کردار، جوانیی هەڵسوکەوت لەکەڵ هاوڕێ و دەورووبەر، جوانیی لە دڵسۆزییەکانی بۆ ژینگە و هەوڵدان و ئارەزووی بۆ نەهێشتنی هەر ماددەیەکی بێهۆشکەر و تەنانەت جگەرەکێشانیش!..

ئەو لە سەروو هەموو ئەمانەوە، چونکە خۆی کرێکارێکی کارگەی چیمەنتۆ بوو، هەمیشە لە غەمی هاوچینەکانیدا بوو، وە تەواوی تواناکانی خستبووە سەر ئەو مەیدانەی، کە چۆن چۆنی ڕێکخراوانە، بە دژی ناعەدالەتی و چەوساندنەوەدا بچنەوە.. ئەو لەسەرەتاو ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، یەکێک بوو لە جوانترین ئینسانەکانی نێو کۆڕ وکۆبوونەوە و سمینار و دەمەتەقێکانی ڕێکخراوە کرێکاریی و جەماوەرییەکان، کە هەمیشە بەدەستە جلەکوردی و جامانە پاک و تەمیزەکەیەوە بە نوسراوەیەک و قەڵەمێکی دەستیەوە بەشداریی دەکرد و پرسیار و قسەی بەسوود و مانادار و تەنانەت ڕاچڵەکێنی هەبوو.! هەمیشە بوێر لە هەڵوێست و ڕەخنە و زۆر دڵ پڕ لە هیواش بووا...

ئەو بوو، کە هەمیشە بە کردەوەکان و بوێرییەکانی لەو سەردەمەدا، وای لەمن دەکرد، کە بەخۆمدا بچمەوەو بڵێم؛ ئێمە وەک( حککع) و تەنانەت چەپ و کۆمونیستەکانی دەرەوەی ئەو حیزبەش، کە لەو سەردەمەدا تاکە چالاکی بەرجەستەو دەرکەوتووی مەیدانی خەباتی چینایەتی و یەکسانییخوازیی بووین، هێندە کۆمەڵایەتییانە لە نێو خەڵکانی کرێکارو زەحمەتکێشدا نەبووین، تا ڕێکخراوە جەماوەریی و کرێکارییەکان هەزاران کەس لە (شێخ قادر) ەکان لەخۆ بگرێت!!!

بۆیە سەری ڕێز بۆ ئەم مرۆڤە جوانە خەباتگێڕە چینایەتییە دادەنەوێنم. هەرگیز یادەوەرییەکانی ئەو، لە یەکتر بینینە شەخسی و سیاسییەکانمەوە تا دەگات بە دەیان و سەدان جار بینینی ئەو، لە کۆڕ و کۆمەڵ ومەراسیمی ئایارەکان و کۆبوونەوەکانی، ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ناوەڕاستەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، لەبیرناکەم و ڕایدەگەیەنم، کە زۆر شت، هێندەی دەیان کتێب لە کاک شێخ قادر ی هەمیشە زیندووەوە فێربووم بووم!!!"

**ئیمەش وەکو سەرجەم ستافی بۆپێشەوە سەرەخۆشی لە کەس و کار وهاوڕێ و هاوچینەکانی شیخ قادر دەکەین و خۆمان بە بەشدار کە خەم و پەژارەیاندا دەزانین...**

**ئەوەی کەوای کردووە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەمیشە کارتی کێشەی خەڵکی کوردستان و کێشەکانی تریان لەگەڵ بەغداوە بەدەستەوە بێت، واقعیەتێکی تاڵە، بەڵام واقعییە. ئەو واقعیەتە تاڵەش ئەوەیە کە چەپ و کۆمۆنیزم بەکردەوە دەستی لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی کوردستان و کێشەکانی لەگەڵ بەغدا بەرداوەو بەتەواوەتی بۆ بزوتنەوەی کۆنەپەرستی کوردایەتی جێی هیشتووە.**



**بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە فۆرمە گشتی و ناریکخراوەکەیدا ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتیش رابماڵێت، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی یەکلابکاتەوە،**

## نەوال سەعداوی ژنە یاخی لە ستەمی سەر ژنان و کۆنەپەستی بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا!

قوتابخانەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی سنور بڕ و ناسراو، کە بەسەدان هەزار ژنی لە ڕێگای خەبات و نوسینەکانیەوە، ئاشنای ستەمە ئاشکراو و شاراوەکانی ژنان کرد، ڕێگای خەبات و یاخی بوون، ڕیگای پشتبەخۆ بەستن و بەرەنگاربوونەوەی فێرکردن... چوارچێوەی تابۆ و یاساغەکانی تیک ڕماند و نەترسانە چووە باسی ئەو پرسە هەستیارانەی کە دەست بۆ بردنیان حەرام بوو... لەڕێگای باسەکانی سەبارەت بە "ژن و سیکس" "پیاو و سیکس" و باسی جەستەی ژن و پەرەی بەکارە، خەتەنە، پرسی شەرەف، حجاب... کەلتوری دواکەوتوانەی کۆمەڵگەی و پیاوسالاری و ئیسلامیزمی دایە بەرەخنە. ئەوەتا لە دەربڕینێکیدا دەڵێت"

"ژنیش حەزی لە پیاوە، ئایا دەبێت پیاو حیجاب بپۆشێت، بۆ ئەوەی ئارەزووی ژن نەبزوێنێت؟ یان ژن لە پیاو بەهێزترە و دەتوانێت، ئارەزووە سێکسییەکانی جڵەو بکات؟

جڤاک ژن فێر دەکات چۆن خۆی لە دەستدرێژیی پیاو بپارێزێت، بەڵام پیاو فێر ناکات، دەستدرێژی نەکاتە سەر ژن.

ئەوە بازرگانیکردنێکی دەمامکدارە بە سێکسەوە، کە ژنان بە ناوی هاوسەرگیرییەوە، کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت.

شەرەفی ئینسان، ئیدی پیاو بێت یان ژن، بریتییە لە ڕاستگۆیی. ڕاستگۆییی لە بیرکردنەوە و لە هەستکردن و لە ڕەوتاردا. ئینسانی شەرەفمەند دوو ژیان ناژی، یەکێکیان بە ئاشکرا و یەکێکیان بە نهێنی.

سەماکار لەشی خۆی بە کاڵا دەزانێت و بە مەبەستی بازرگانی پێوەکردنی، نمایشی دەکات. حیجابداریش لەشی خۆی بە کاڵا دەزانێت، بەڵام دەیشارێتەوە. ژنی ڕاستەقینە، نە لەشی دەشارێتەوە، نە نمایشی دەکات.

د. نەوال سەعداوی" وەرگێرانی حەمە سەعید حەسەن

ماڵئاوایی یەکجاری نەوال سەعداوی، تەنها دەتوانێت دیارنەمانی جەسەدی ئەو بێت، بەڵام روحی خەباتکارانەو بەرەنگاری ئەو، دژە باو بوون و تێکشکاندنی حەرام کراوەکان، تیکۆشانی لێبراوانەو بی پسانەوەی بۆ رزگاری و یەکسانی ژنان و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دەسەڵات و بزوتنەوەو رەوتگەلی ئیسلامی، هەمیشە ئەو وەک سیمایەکی خۆشەویست و ناسراو هەموو رۆژە بینراو دەهێڵیتەوە. تا ئەو کاتەی ستەم لەسەر ژنان و بی مافیەکانیان بمێنی، نەوال سەعداوی وەکو ئاڵاهەڵگری رزگای ژنان دەمێنێتەوە، ئەو کاتەش کۆمەڵگەیەکی بێ چین و چەوساندنەوە دامەزرا و ئاسەوارێک لە نابەربەری و بێمافی نەماو ژنانیش ئازاد بوون... نەوال سەعداوی وەک رەمزی تیکۆشان بۆ ئەو کۆمەڵگەیە، بۆ هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە.

# حزبی دیموکرات و چالاکی سەربازی..

لەم رۆژانەدا چەند چەکدارێکی لایەنگری حزبی دیموکرات، لەشاری شنۆ و ئیلام نمایشیکی سەربازیان نیشاندا، بە گوتەی حزبی دیموکرات ئەمانەی بەو چالاکیە هەڵساون، پێشمەرگەی ناو شارن...

دەستبردن بۆ نمایش و چالاکی سەربازی، ئەگەر بۆ حزبی دیموکرات جێگای شانازییەو ڕێگایەکە بۆ گوشار خستنە سەر جمهوری ئیسلامی تا ئاوڕێکیان لێ بداتەوە پرسی گفتوگۆیان لەگەڵ بکاتەوە، ئەوا بۆ بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاری و جەماوەری گوررزیکی کوشندەیە. تەنانەت کۆمەک بەجوڵاندنی پرسی ستەمی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانیش، ناکات.



بزوتنەوەی کرێکاریی و نارەزایەتی جەماوەری لە سەراسەری ئیراندا قوڵپ دەدات و رۆژانە کریکاران و جەماوەری بێبەش لە کارگە و کارخانە و شەقامەکاندان و گوشارێکی زۆریان لەسەر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی هەیە، لەوەها دۆخێکدا دەستبردن بۆ چالاکی سەربازی بە جیا لەوەی ئەو ناوچە و شوێنانە بە ئاقاری میلتاریزەکردندا پەلکیش دەکات، هاوکاتیش دەستی رژیمی چنگ بەخوێنی ئیران بۆ سەرکوت و ترس و تۆقاندن چەند بەرابەر دەکات و دەبێتە هۆی پاشەکشەپێکردن بە بزوتنەوەی کریکاریی و نارەزایەتی جەماوەری.

ئەگەر بڕیار بێت حزبێک، هێزێک، بەشێک بێت لە پشتیوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاری و جەماوەری، یان بەراستی هێزیک بێت دژ بە دەسەڵاتی رەشی جمهوری ئیسلامی ئێران، پێویستە ئەو هیزە ڕێگاکانی بەهیزکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئیران بگریتە بەر و شارەکان و ڕێکخستن و سازانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بکاتە ئەولەویەتی کارەکانی، نەک لە ڕێگای نمایشیکی رەمزی و بێکاریگەرەوە، کاریگەری بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاری و جەماوەری کەم بکاتەوە و پاشەکشەی پێبکات.

بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبی دیموکرات وەکو حزبێکی ئەم بزوتنەوەیە، کە چاوی بڕیوەتە سازان لەگەڵ جمهوری ئیسلامی و بۆ بەشداری لەدەسەڵاتی ئەو رژێمەدا، بۆ گەیشتن بەو ئاواتەی ئامادەیە هەرچی لەدەستی دێت بیکات... ئەو هەوڵەشی تەنها لەو چوارچێوەیەدایە. کەدیارە هەولێکی لەو بابەتە ناکۆکە بەهەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کە بۆ کۆتاییهینان بە دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ٤٠ ساڵە لە خەباتی دەستەو یەخەو هەمە رۆژەدان. بزوتنەوەی کریکاری و جەماوەری ئەرکیانە ئەم هەوڵانەی حزبی دیموکرات لە قاو بدەن و ڕێگە نەدەن ئەو هێزە لە پێناو ئامانجەکانی خۆیدا، دەست ببات بۆ ئەم جۆرە کردەوانە کە هیچ نییە جگە لە زیان گەیاندن بە خەباتی کریکاریی و جەماوەری شاری...

## لەبۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

• ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...

# لینین لە لاپەڕەیەك لە یادەوەریەکانی ترۆتسکی دا، یەکەمین دیداری نێوان لینین و ترۆتسکی

نووسینی: لیۆن ترۆتسکی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: سالار حمەسەعید

لینین لە وتەیەکی دا لە ساڵی ١٩١٠ دا دەڵێ: "جیابوونەوەی ساڵی ١٩٠٣ چاوەڕوانکراو بوو". بێگومان ئەو ڕۆژگارەی ئیسکرای کۆن (ساڵی ١٩٠٠ تا ١٩٠٣) گرنگیەکی دەروونی بێهاوتای هەیە لە ژیاننامەی داهاتووی گەورەی لینین دا وە لەهەمانکاتدا لە خستنەڕووی کێشە سەخت و گەورەکاندا. تەنها لەم چەند ساڵە کورتەدا لینین بەدەقیقی (بەڕاستی) لینین بوو. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لینین لەوە زیاتر گەشەی نەکردبێت و پێنەگەیبێت، بەپێچەوانەوە ئەو گەشە و نەشونمای کرد. بەچ ڕێژەیەک؟ هەر بەو ئەندازەیە گەشە و زیادیکرد کە لەپێش ئۆکتۆبەرەوە بۆ پاش ئۆکتۆبەر بوو. بەڵام زیاتر گەشەیەکی ئۆرگانیک بوو. ئەو بازدانە بەڕاستی گەورەبوو لە ناپاسایی بوونەوە (قاچاغبوونەوە) بۆ گەیشتنە دەسەڵات لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧. بەڵام ئەو گەشەیەی کە تیای ڕوویدا پێش جیابوونەوە و لێکترازانەکە لە کۆنگرەی دووەمی حزبدا بازدانێکی ناوەکی (ناوخۆیی) لەخۆگرتبوو کە تێبینی نەدەکرا لەلایەن خەڵکانی دەرەوە. لە پاییزی ١٩٠٢ دا گەیشتمە لەندەن. ئەبێت مانگی ئۆکتۆبەر بووبێت بەیانیەکی زوو تەکسیەکم گرت، چونکە دەمبینی خەڵکی تریش وایاندەکرد، چوومە ئەدرەسێک کە شوێنی مەبەستم بوو لەسەر پارچە کاغەزێک بۆم نووسرابوو. ئەو ئەدرەسە ماڵی ڤلادیمیر ئیلیچ (لینین) بوو. پێش ئەمە دەبێت لە زوریخ بووبێت کە پێم وترابوو چۆن و بەچی شێوازێکی دیاریکراو لە دەرگا بدەم. تا ئەوجێگەیەی لەیادمە " نەدیژدە کۆنستانتینۆڤا " (کروپسکایای هاوسەری لینین) دەرگای لەمن کردەوە، من بە لە دەرگادانەکەم ئەوم لە جێگە هێنابوەدەر. بەیانیەکی زۆر زوو بوو، هەر پیاوێکی بە هەست و نەست و ئاشنا بە ئوسوڵی نۆرماڵی ژیان ماوەی سەعاتێک یا دوو سەعات چاوەڕێی دەکرد لە ئیستگاکە لە جیاتی لێدانی دەرگای ماڵێکی غەریب لەبەرەبەیاندا. من هێشتا لەژێر کاریگەری سەفەرەکەی " ڤێرچۆلینیسک "دا بووم، هەر بەهەمانشێوە هەموو کەسێکم خەبەرکردبۆوە لە نیوە شەودا لە ماڵی " ئەکسلرۆد " لە زوریخ . ڤلادیمیر ئیلیچ هێشتا لە جێگەدابوو و بەسەرسوڕمانێکی مەعقوولەوە بەخێرهاتنی کردم. لەوەها هەلومەرجێکدا بوو کە یەکەمین بینین و گفتووگۆکردنمان ڕوویدا. ڤلادیمێر ئیلیچ (لینین) و "نەدیژدە کۆنستانتینۆڤا" (کروپسکایای هاوسەری لینین) پێش ئەوە منیان دەناسی لەڕێگەی نامەیەکی " کلێر "وە (کرچیچانۆڤسکی) کە بەشێوەیەکی ڕەسمی منی ناساند بە ڕێکخراوی "ئیسکرا " لەژێر ناوی " پێن " لە "سامارە". لەبەرئەوە بەم شێوەیە بەخێرهاتن کرام: مەرحەبا، " پێن " هاتووە... چایەکیان دامێ لە موبەق و لەو بەینەشدا لینین خۆی گۆڕی. باسی سەفەرەکەم بۆکردن و هەندێ گلەییم کرد لەباری خراپی ڕێکخراوی سنووری "ئیسکرا"، وتم: ئەو ڕێکخراوە لەبەردەست مامۆستایەکی شۆڕشگێڕی کۆمەڵایەتیدایە کە هاودەردیەکی زۆری کەسانی لایەنگری ئیسکرا ناکات لەسەر حسابی ئارگیومێنت و پلیمێکی گەرمدا جگە لەمە لەلایەن قاچاخچیەکانەوە زۆر بێرەحمانە تاڵان کرام و هەموو باج وتاریفەکانیانشیان زیادکردبوو. لەبیرم نەماوە ئایا ئەو بەیانیە بوو یا ڕۆژێکی تربوو کە پیاسەیەکی دووروودرێژمان لەگەڵ ڤلادیمێر ئیلیچ (لینین)دا کرد پێکەوە بەناو لەندەندا. هەر لەدەرەوە "وێستمنستەر ئابی" و هەندێ شوێنی بەناوبانگی تری پیشاندام. نازانم چۆن دەریبڕی، بەڵام ماناکەی ئەوەی دەگەیاند کە بڵێت: "ئەمە وێستمنستەری بەناوبانگی ئەوانە". لێرەدا "ئەوان" ئەڵبەتە مەبەستی، هی ئینگلیزی نەبوو، بەڵکو هی دوژمن. تا ئەو جێگەیەی لەبیرمە من گرنگیەکی کەمم دا بە هونەری بیناسازی (ئارکتێچەر) ی لەندەن. بۆ یەکەمین جار بوو کە لە "ڤێرچۆلێنسک"ەوە سەفەری دەرەوەی وڵات بکەم، ڤیەننا و پاریس و لەندەنم خێرا قبووڵ کردبوو، بەڵام گرنگیم نەدەدا بە وردەکاری وەک "وێستمنستەر ". ئەڵبەتە ڤلادیمیر ئیلیچ دەعوەتی نەکردبووم بۆ ئەو پیاسە دورودرێژە بۆ ئەو مەبەستە. مەبەستی ئەوە بوو کە بمناسێت و تاقیمبکاتەوە. لەڕاستیدا تاقیکردنەوەکە " تەواوی خولەکە/ دەورەکە "ی گرتەوە. لەوەڵام بە پرسیارەکانی ئەو، وردەکاری تاراوگە (مەنفا) م بۆ باسکرد لە "لێنا" ( لێنا ئەو شوێنەبوو کە ترۆتسکی تیا نەفی کرابوو) لەگەڵ باسی گروپە ناوخۆییەکان. هەڵویست سەبارەت بە خەباتی سیاسی چالاکانە و ڕێکخستنی ناوەندی و تێرۆریزم، ئەمانە هێڵی سەرەکی دابەشبوونەکانی ئەو کاتانەبوون. ئینجا ڤلادیمێر ئیلیچ پرسی: "باشە ئەی هیچ جیاوازی بیروبۆچوون نەبوو لەپەیوەند بە سیاسەتی برنشتاین؟". منیش بۆم باسکرد کە چۆن کتێبی برنشتاین و کاوتسکیمان لە زیندانی مۆسکۆ ئینجا دواتر لە تاراوگە خوێندۆتەوە. پێم گووت هیچ کام لە مارکسیستەکانی ناو ئێمە نەهاتنەدەنگ لە پشتیوانیکردن لە برنشتاین. بەڵام ئێمە هیچ هێڵێکی پەیوەندیکردنمان نەکێشا لەنێوان خەباتی تیۆری کە لە گەشەکردندا بوو لەمەیدانی نێودەوڵەتیدا و لەنێو قسەو گفتوگۆ سیاسیەکانی ئێمەدا وە تەنانەت بیریشمان لێ نەدەکردەوە بەلانی کەمەوە تا یەکەمین ژمارەی ئیسکرا و نامیلکەی "ما العمل/ چی دەبێ بکرێت؟" ی لینین لە " لێنا ". هەروەها پێم وت کە چۆن نامیلکە فەلسەفیەکانی "بۆگدانۆف" مان بە تامەزرۆوە خوێندۆتەوە و زۆر بە ڕوونی دەلالەت و گرنگی تێبینی " ڤلادیمیر ئیلیچ لینین "م لەبیرە، بۆ ئەویش ئەو نامیلکەیە سەبارەت بە ڕێوڕەوشی مێژوویی تێڕامان لە سروشت پێدەچوو پڕبایەخ بێت. بەڵام پلیخانۆف لەگەڵ ئەم بۆچوونەیدا نەبوو و ڕایگەیاند کە ماتریالیستی نییە. ڤلادیمیر لینین لەم بارەیەوە خۆی بۆچوونێکی تایبەت بە خۆی نەبوو سەبارەت بەم کێشەیە و تەنها بۆچوونەکانی پلیخانۆفی دەوتەوە. بۆچوون و تێڕوانینەکانی پلیخانۆف تووشی سەرسوڕمانێکی زۆری کردبووم. لینین سەبارەت بە زانستی ئابووریش خستمیە ژێر تاقیکردنەوەوە. منیش پێم وت کە بەکۆمەڵ و پێکەوە لەزیندانی مۆسکۆ کتێبەکەی ئەومان خوێندۆتەوە کە بەناوی " گەشەی سەرمایەداری لەروسیادا "یە، هەروەها کارمان لەسەر کتێبی "سەرمایە" دەکرد کاتێ لە مەنفا "تاراوگە" بووین و لە بەرگی دووەم دا وەستاین. باسی ئەو ژمارە زۆرە لە ئامار و داتایانەم کرد کە بەکارهاتوون لە ئامادەکردنی کتێبی "گەشەی سەرمایەداری لە روسیا". هەروەها وتم کاتێک لە زیندانی مۆسکۆ بووین زۆرکات بە سەرسوڕمانەوە باسی ئەو هەموو کارە زۆرەمان دەکرد کە بۆ تەواوکردنی ئەم کارە (ئەم کتێبە) سەرفکراوە. لە وەڵامدا لینین وتی: بەڵێ، بەڵام لەڕاستیدا هەمووی پێکەوە لەیەککاتدا ئەنجام نەدراون. بێگومان ئەوە خۆشحاڵی کرد کە هاوڕێ لاوەکان زۆر بەوردی گرنگترین کاری ئابووری ئەویان ئاوا بەگرنگیەوە خوێندۆتەوە. ئێمە باسی دەرکەوتنی "میکایلسکی"مان کرد و کاریگەریەکەی کە لە تاراوگە دانابوو لەسەرمان کە زۆرێک لە ئێمە تەسلیمی بووبووین. پێموت کە یەکەمین ژمارەی نوسینەکانی میکایلسکی کە بەدەستمان گەیشت لەوێ لە " لێنا " ڕەخنەی توندی ئەو بوو لە ئۆپۆرتیۆنیزمی دیموکراسی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری زۆر بەهێزی لەسەر زۆرێکمان دانابوو کە هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ ڕەوتی بیر و بۆچوونێک کە لە ئارگیۆمێنت و پلیمیکی نێوان کاوتسکی و برنشتاین دروستببوو. نەدیژە کۆنستانینۆڤا کروپسکایا شوێنێکی حەوانەوەی بۆ پەیداکردم کەمێک لەولای ماڵی ساسۆلیچ و مارتۆف و بلومێنفێلد (ئەو کەسەی کە ئیسکرای بڵاودەکردەوە). ژوورێکی چۆڵ هەبوو بۆمن، خانووەکە خانوویەکی شێوازی بیناسازی ئینگلیزی بوو کە بەشێوەی ستوونی هەڵکشابوو، نەک ئاسۆیی. ئەلکسیف ڕێزی زۆری هەبوو بۆ لینین، ئەویش وتی "من لەوباوەڕەدام ئەو زۆر گرنگترە لە پلیخانۆف بۆ شۆڕش"، بێگومان من هیچم نەوت بە لینین، بەڵام ئەمەم بە مارتۆف وت ئەویش هیچ وەڵامێکی نەبوو. دەستەی نووسەرانی ئیسکرا: ٣ کەسی بەتەمەنیان بریتیبوون لە پلیخانۆف و ساسولیچ و ئەکسیلرۆد وە ٣ کەسی گەنجیان لینین و مارتۆف و پۆتریسۆف بوو. پلیخانۆف و ئەکسیلرۆد لە سویسرا دەژیان و ساسولیچ لە لەندەن لەگەڵ گەنجەکاندا دەژیا. پۆتریسۆف یش لە شوێنێک دەژیا لەم کیشوەرەدا (مەبەست کیشوەری ئەوروپایە). ئەم دووریە لەیەکتر کێشەی تەکنیکی نەگونجاوی دروستکردبوو ئەگەرچی هیچ کێشەی بۆ لینین دروست نەکردبوو بەڵکو بەپێچەوانەوە. لینین پێش گەڕانەوەم بۆ ئەوروپا باسی ئەوەی بۆکردم کە پلیخانۆف داوای ئەوەدەکات کە هەموو ستافی ئیسکرا بگوێزرێنەوە بۆ سویسرا، بەڵام لینین دژی ئەمە بوو چونکە پێی وابوو کارەکان سەختتر دەکات. جا بۆ یەکەمین جار تێگەیشتم کە ئەو ستافەی کە لە لەندەن ماونەتەوە تەنها پشتبەستوو بە ڕێنماییەکانی پۆلیسەوە نەبووە، بەڵکو پشتبەستوو بە ئەندامانی ڕێکخستنیشەوە بووە. ئینجا چووم بۆ "وایت چاپڵ" ئەو شوێنەی کە لەگەڵ چایکۆفسکی بەتەمەن و "چێرکیسۆف" ی ئەنارشیست دا چووم کە ئەویش چیدی گەنج نەبوو. هاوڵاتی دێرینی لەندەنی "ئەلکسیف" کە پەیوەندی هەبوو بە ئیسکراوە دەستیکرد بەباسکردنی ژیانی ئینگلیز و سەرچاوەی تەواوی زانیاریەکانم بوو. لەبیرمە پاش گفتووگۆیەکی تێروتەسەل لەگەڵیدا لەو ڕێگەیەماندا بۆ "وایت چاپڵ" و گەڕانەوەمان دوو بیروبۆچوونی سەرەکی ئەلکسیفم بۆ لینین گێڕایەوە. یەکێکیان سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی سیاسی روسیا و ئەویتریان سەبارەت بە دوا نامیلکەی کاوتسکی. ئەلکسیف وتی "ئەم هەڵوەشاندنەوە و داڕمانە بە شێوەیەکی وردە وردە ڕوونادات. بەڵکو بەشێوەیەکی کتوپڕو لەناکاو دەبێت لەسەر حسابی ناهەمواری ئۆتۆکراسی" بە شێوەیەکی تایبەت هەستم بە وشەی ناهەمواری و توندی و کەلەڕەقییەکە کرد. کاتێک ئەو باسەم بۆ لینین گێڕایەوە ئەویش لەوەڵامدا وتی: "دەگونجێت ڕاست کات". ڕاگەیاندنی دووەمی ئەلکسیف دەربارەی نامیلکەکەی کاوتسکی بوو کە بەناوی "ڕۆژی دوای شۆڕشی کۆمەڵایەتی" دەمزانی لینین زیاتر کتێبە بچووکەکەی بەلاوە گرنگە هەر بە قسەی خۆی دووجار ئەو کتێبەی خوێندبووەوە و بۆ جاری سێیەم دەیخوێندەوە وابزانم سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانە رووسیەکەشی دەکرد. تەنها لەسەر پێشنیاری لینین بە وردی نامیلکەکەم خوێندبۆوە، ئەلیکسیف پێیوابوو کارەکە کارێکی ئۆپۆرتیونیستانەیە (هەڵپەرستانەیە). "گەوجە" لینین وتی بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لێوەکانی لەیەکقرتاند وەک نیشانەیەکی نارەزایەتی لەو.

**لە نووسینەکانی ترۆتسکی: لینین و ئیسکرای کۆن. ساڵی ١٩٢٥**



# عەبدولەتیف سەلەفی و ترامپ و کۆرۆنا و یەك بەرە !!

**نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە**

له ١٥/ ٣ عەبدولەتیف سەلەفی لەسەر کرۆنا ڤیدیۆیەکی بلاوکرایەوە. لە ڤیدیۆکەیدا هەروەک هەمیشە کۆرۆنای وەک سەربازی خوا ناوبرد وە وتی هەرکاتێ خوا بیەوێ دەتوانێ ئاوا مرۆڤایەتی تووشی بەڵای گەورە بکا وە وتی کۆرۆنا رەحمەتە تا ئەوانەی باوەڕیان بە خوا نییە بزانن خوا هەیە و بە ڤایرۆسێک دەتوانێ بەو کەسانەی بسەلمێنێ کە خوا بوونی هەیە و گەورەترین کارەسات دروست بکاو پێویستە عەلمانیەکان بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، وە وتی چارەسەر ئەوەیە مرۆڤەکان تۆبە بکەن و دوعا و نوێژ بکەن وەک ترامپ لەو ماوەدا رایگەیاندووە دەبێ رۆژێ دابنێین هەموو دوعا بکەین و لەخوا بپاڕێینەوە کە ئەم بەڵای کۆرۆنایەمان لەکۆڵ بکاتەوە خوا شیفا بنێری بۆ مرۆڤایەتی.

لەگەڵ ئەمانەشدا داوای لە خەڵک کرد پابەند بن بە رێنمایە تەندروستیەکانی حکومەت و خۆیان بپارێزن. چەند قسەی لەسەر راپۆرتی جیهانی کرد کە ئەم ڤایرۆسە لە مانگی پێنجدا زۆر زیاد دەبێ ئەگەر خۆپارێزی نەکرێت.

پرسیار ئەوەیە خوا بۆچی سەرباز ئەنێرێ بۆ مرۆڤ لەکاتێکدا سەرباز بۆشەڕ بەکاردێت لە دژی دوژمن؟. ئایا خوا مرۆڤ بە دوژمنی خۆی ئەزانێ؟ بۆ دەبێ خوا شەڕ لەگەڵ مرۆڤدا بکا؟ لەبەر ئەوەیە مرۆڤ بە گوێی ناکا یا ناچن بیپەرستن؟ ئەی مەگەر چارەی تری نییە تەنها کوشتنی مرۆڤەکان نەبێ بە سەربازەکانی؟ ئەگەر مرۆڤ ئەوەندە خراپ بووە ئەی بۆچی پەیامبەری تر نانێرێ بۆ چاککردنی مرۆڤەکان؟ خۆ هەر کاتێ پەیامبەر هاتووە هەر لەوکاتەدا هاتووە کە مرۆڤەکان خراپ بوون و بۆئەوەی چاکیان بکا بە وتەی سەرجەم ئایینەکان. هەر بەپێی بەڵگەکانی عەبدولەتیف زیاتر لە یەک ملیارو ونیو موسڵمان هەیە لە جیهاندا، کەوایە هەر بەوتەی ئەو بەشێکی باشە ئەی خوا بۆچی کۆرۆنا بۆ هەمووی دەنێرێ وەک یەک؟ خۆ بەشێکی هەر خەریکی تاعەت و نوێژو دوعاو پاڕانەوەیە بۆچی ئەمانیش تووش دەبن.؟ عەبدولەتیف ئەڵێ چارەسەر ی کۆرۆنا ئەوەیە خەڵک تۆبە بکا و ئیتاعە بکا و بگەڕێتەوە لای خوا، ئەی بۆچی ئەوانە توش ئەبن کە دەمێکە پێش کۆرۆناش تۆبەیان کردوەو روویان لە خوا کردووە، ئەی بۆچی لە سەردەمی خەلیفە عومەردا خوا نەخۆشی تاعونی نارد بۆ تەنها ئەو کەسانەی کە تۆبەکارو خواپەرست و موسڵمان بوون لە وڵاتی فەلەستین و شام و عێراق سەدان هەزار موسڵمانی کوشت، بەڵام ئەوانەی نەکوشت کە تۆبەکارو ئیسلام نەبوون کەوایە دەبێ رێگاچارەکەی عەبدولەتیف راست نەبێ کە داوای تۆبە و گەڕانەوە و ئیتاعە و خواپەرستی دەکا بۆ کۆتاییهاتن بە کۆرۆنا .

کاتێ دەڵێ ترامپ بەو زلیەی خۆی ئێستا داوا دەکا خەڵک دوعاو نوێژ بکا و لە خواپاڕێتەوە، پرسیار ئەوەیە بۆچی مەگەر ترامپ لەسەر دینەکەی خوایە ئەی مەگەر ئەو نەصاری و گاور نییە؟ بۆچی ئەمرۆ کەوتە بەرەی عەبدولەتیفەوە؟ بۆ مەگەر نازانێ ترامپ راسیست و فاشیست و دژی موسڵمانیشە؟ بۆ مەگەر نازانێ ترامپ دەستی هەیە لەکوشتنی سەدان هەزار لە خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان؟ کەچی عەبدولەتیف ترامپ بە باشتر دەزانێ لە عەلمانیەکان، چونکە ئەمان وەک ترامپ خواپەرست نین. عەلمانیەکان لە ڤیدیۆکی تردا بە پەروێ بێ نوێژ ناو دەبات. بەڵای عەبدوڵەتیفەوە بەس خوا پەرستێکی وەک ترامپ بێت ئیتر کەسێکی چاکیت!!! ئەنجا هێرش دەکاتە سەر عەلمانیەکانی کوردستان دەڵێ هۆی مانەوەی کورۆنا ئەوەیە سەرکردە عەلمانیەکانی کورد (کە ئەو بە عەلمانیان ئەزانێ) بۆچی وەک ترامپ ناکەن و بۆچی رۆژێک نەهاتن وەک ترامپ داوایەکی لەو جۆرە بکەن. واتە دوعا بکەن و نوێژ بۆ نەمانی کۆرۆنا بکەن، من دەپرسم باشە خۆ ترامپ لەوکاتەوەی سەرۆکی ئەمریکا بووە هەر ئەو باوەڕە دینیەی هەبووە و باوەڕی بە دوعاو پاڕانەوە هەبووە ئەی بۆچی ئەمریکا یەکەمین وڵاتە لە جیهاندا بۆ زۆری ژمارەی تووش بووان و مردووان بە کۆرۆنا؟

عەبدولەتیف لە عەلمانیەت نەگەیشتووە، چونکە عەلمانی و مولحید بەیەک دەزانێ لە کاتێکا عەلمانی و مولحید دووشتی جیان هەمیشە ئەو وەک یەک حسابیان بۆ ئەکا. عەلمانی کۆمەڵگایەکی هاوبەشی دەوێ بۆ دینداراکان و بێ دینەکان، بەڵام مولحید تەنها دژی دینە و کۆمەڵگایەکی بێ دینی دەوێ وەک چۆن ئیسلامی راستەقینە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی دەوێ و هەمووی دەبێ ئیسلام بێ. ئەو بەناو دکتورای لە شەریعە هەیە، بەڵام ئەم جیاوازیە نازانێ. سەیر ئەوەیە هۆکاری کۆرۆنا بەوە ئەزانێ کە خەڵک زۆر رووی لە عەلمانیەت کردووە. باشە ئەگەر ئەمە هۆکار بێت مەگەر خوا خۆی رازی لەسەر نییە؟ جوابەکەی ئەوەیە خەڵک بە گوێی شەیتانی کردووە؟ ئەی خوا چۆن ئیرادەی نییە بەسەر شەیتاندا بۆ مەگەر شەیتان دروستکراوی خۆی نییە؟ ئەمە ئەوە نیشان ئەدا خوا جیایە و شەیتان جیایە و خوای شەڕ و خراپەیە. واتە ئەوە دانپیانانە بەخوایەکی تر.

عەبدول لەتیف رووی لەو کەسانە کرد کەدەڵێن خوا نییە، چونکە باوەڕیان وایە خوا نابینرێ، ئەو بە بەڵگەی ڤایرۆسی کورۆنا دەیەوێ بیسەلمێنێ بۆ بێخواکان کە خوا هەیە و دەڵێ ئەی ئەوە نییە ڤایرۆسی کورۆنا ناشبینرێ و کەچی هەشە؟ ئەو راستیەیە لە خەڵک دەشارێتەوە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبینرێ بە مایکرۆسکۆب شێوەیەکی خڕی دڕکاوی هەیە و رەنگەکەشی دیاری کراوە بۆیە نموونەکەی پووچ بێ بنەمایە .

دواجار لە ڤیدیۆکەیدا داوا دەکات خەڵک رێنمایە تەندروستیەکان پەیرەو بکەن، چونکە بۆ خۆپاراستن و تووش نەبوونی خەڵکی زیاتر باشترە. من هاوڕام لەگەڵیدا و ئەوەندە لەبەشی ڤیدیۆکەی بە باش دەزانم، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو رێنمایانە لە کوێوە هاتوون؟ مەگەر لەو زاناو دکتورانەوە نەهاتوون کە لە کۆمەڵگەی عەلمانی دەژین، یا لە دکتورە عەلمانیەکانی وەک دکتور کامەران قەرەداغی یا دکتۆرەکانی چین و ئەورووپاوە نەهاتوون کە عەلمانین؟ ئەی بۆچی رێنمایەکانی ئەم عەلمانیانە بە باش دەزانێ لە کاتێکا ئەو سووکایەتی بە عەلمانیەکان دەکا بە پەروێ بێ نوێژ ناویان دەبات؟ ئەی باشە خۆ ئەو وتی تەنها رێگا ئەوەیە خەڵک تۆبە بکا و بگەڕێتەوە ئیتر خوا شیفای خەڵک دەدات؟ لێرەدا خۆی بۆ خۆی بەدرۆ دەخاتەوە، مێژوو نیشانی داوە بەدوعاو پاڕانەوەو ئیتاعەت هیچ ڤایرۆس و بەکتریایەک کە مرۆڤی کوشتبێت لەناو نەچووە، بەڵکو بە رێگای خۆپارێزی و پاک و خاوێنی و خواردنی بە سوودو دوکتۆرو دەرمان و ڤاکسین لە ناوچووە.

زاڵ بوونی ئەم عەقڵەی عەبدولەتیفە ناهێڵێ لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەروی ئەفەریقا هیچ داهێنانێکی زانستی بکرێ بۆ مرۆڤایەتی سوود بەخش بێت بۆیە هەر ئەبێ چاوەڕێی داهێنانەکانی وڵاتانی کافر و عەلمانی بکەین چاوەڕێی داهێنانی وەک دەرمان و نەشتەرگەری و ڤاکسین بکەین بۆ رزگارکردنی مرۆڤ لە دەردو پەتاو کۆرۆناو شێرپەنجە و شەکرەو نەخۆشیەکانی دڵ ... هتد. ئەگەر ئەوان نەبن و هەموو مرۆڤی دونیا بچێتە سەر عەقڵەکەی عەبدولەتیف، نەک ئەمانە چارەسەر نابن، بەڵکو زۆر خراپتر مرۆڤایەتی دووچاری بەڵای خراپتر دەبێ .

ئەگەر بەقسەی عەبدولەتیف بێ کۆرۆنا هێرشی سەربازەکانی خوادیە بۆسەر مرۆڤایەتی لە هەمان کاتیشدا داوای پەیرەوکردنی رێنمایە تەندروستیەکان دەکا و ڤاکسینیش بەباش دەزانێ کەوایە لایەنگری ئەو مرۆڤانەشە کە سەربازەکانی خوا دەکوژێ و لە ناویان دەبات کە ڤایرۆسەکانی کۆرۆنایە. وەبەم هەنگاوەش دەبێتە دژی خوا. جا یا دەبێ بڵێت ئەوانە سەربازی خوا نین و سەربازی شەیتانن یا دەبێ بڵێ هەر بەدوعاو پاڕانەوە وەک ئەوەی ترامپ ئەم ڤایرۆسە لە ناو دەچێت مرۆڤ پێویستی بە ڤاکسین و رێنمایە تەندروستیەکان نییە...

بۆیە دەبێ مرۆڤی کورد زیاتر بیر بکاتەوە هەوڵ بدا لە پێچ و فێڵ و درۆکانی ئەم جۆرە بانگخوازانە زیاتر تێ بگا بۆئەوەی کۆمەڵگا چیتر فریو نەدرێ و کۆمەڵگای ئێمەیش بگات بە ئاستی کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان و بەشدار بێت لە داهێنان بۆ سود گەیاندن بە خۆی و بە سەرجەم مرۆڤایەتی .

**عەلمانی کۆمەڵگایەکی هاوبەشی دەوێ بۆ دیندارەکان و بێ دینەکان، بەڵام مولحید تەنها دژی دینە و کۆمەڵگایەکی بێ دینی دەوێ وەك چۆن ئیسلامی راستەقینە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی دەوێ و هەمووی دەبێ ئیسلام بێ...**

# بۆپێشەوە

## پێی نایە ساڵی پێنجەمەوە!

عەبدوڵا مەحمود

ئەمڕۆ بۆپێشەوە پێ دەنێتە پێنجەمین ساڵی بەردەوام بوونی. لەماوەی چوارساڵی رابردوودا، بۆپێشەوە وەکو سەکۆیەکی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز لەمەیداندا بووە.

بۆپێشەوە لەناو دەیان و سەدان کەناڵی بیستراو بینراو چاپکراوی حزبی و ناحزبیدا، ئەهلی و شەخسیدا، هەمە چەشنی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، تاکە بڵاوکراوەیەی چەپ و کۆمۆنیستییە کە بەشێیوەی ڕێک و پێک و لەکاتی خۆیدا، بە فۆرم و ناوەرۆکێکی تەواو جیاوازەوە دەرچووە.

بۆپێشەوە لە کاتێکدا لەسەر گەیاندنی پەیامی کۆمۆنیستی و ئینسانی و ئازادیخوازانەی خۆی بەردەوامە، کە میدیای هەزار سەری ژەهر هەڵگرتوی بۆرژوازی رەوتەکانیان، لەداهاتی خەڵکی کوردستان و لەموچەی کریکاران و کارمەندان، کۆمەڵگە ژەهر باران دەکەن. ڕاستیە واقعیەکانی کۆمەڵگە دەشارنەوە، حاشا لە ململانێی چینایەتی دەکەن، بڵندگۆی هەموو کەسافەتیکی قەومی و دینی و مەزهەبی و فاشیستی و راسیسیتین، دەنگی هەموو رەوتە هەمە رەنگە سیاسی و دزە حیرفەیەکانن، سەکۆی درۆسازی و پەرەپۆشکردنی راستیەکان و مەینەتەکانی چینی کریکار و بێبەشانن، مینبەری بێئیرادەکردنی ئینسان و بەرەوا نیشاندانی واقعیەتە تاڵەکانی کۆمەڵگەن.

لە باشترین حاڵەتدا میدیای سیبەر و بەناو ئەهلی لەپاڵ هەندێک دەنگی چەورکراوی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بودەڵەدا، جارجار بۆڵە بۆڵ و رەخنەی روکەش ئاراستەی هەلومەرجی باو و دەسەڵاتی رەشی حزبەکانی دەسەڵات دەکەن، ئامانجی ئەو تیپەش ئەوەیە تا ناوەرۆکی بزوتنەوەی کوردایەتی وەکو بزوتنەوەیەکی بۆرژوازی بشارنەوەو لەو رێگایەشەوە خۆیان بە تورەیی و نارەزایەتی جەماوەریدا هەڵبواسن.

لەنێو سەدان میدیای هەمە رەنگدا، ئەگەر کۆبونەوەو نارەزایەتیەکی کریکاری بە ناچاری و کەم کورییەوە بگوازنەوە، بەڵام باسێک لە مەینەتەکانی چینی کریکار و هۆکارو ریشەی بێمافیەکانیان نابینرێت. ئەگەر بۆڵە بۆڵ و رەخنەیەک لە سیستەمی سیاسی و حزبەکانی دەسەڵات و کارنامەکانیان بگرن، بەڵام ئەو بزوتنەوەیەی لانەی پێگرتن و ژینگەی ئەم حزب و کارنامەکانیانە، بە پیرۆز رادەگرن. ئەگەر رەخنەو تورەیەکیان لە فتوای مەلایەک هەبێت و رەخنەی بکەن، بەڵام رەخنەیەیان لە کۆنەپەرستی نییە. لەگەڵ رەخنە لە مەلاو دیاردەیەکی دینیشدا، بدەن، بەڵام ئامادەنین هۆکاری پشتی ئەم قەسابخانەیە رابگەیەنن، ئامادەنین بەرگرییەکی شەرمنۆکانەش لە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بکەن. باسی لاوان و بێ ئومیدیان دەکەنە مانشیت، بێ ئەوەی ریشەی ئیرادە وردکردن و بی ئومیدکردنیان بخەنە ڕوو. باسی گەندەڵی وناشەفافی دەکەن، کەچی خۆیان لەناو گەندەڵستانی دزی وتاڵانچیتدا، نوقمن. باسی نۆکەر پیشەیی حزبەکان دەکەن، بێ ئەوەی رەخنەیەک لە عادەت پیشەیی ئەو خۆشخزمەتییە بگرن.

بۆپێشەوە بە توانایەکی کەم و بەهەوڵی خۆبەخشانەی ژمارەیەک ئینسانی کۆمۆنیست و هاوکاری بێدریغ، لەناو ئەو هەموو میدیا هەمەچەشنەی بۆرژوازی و رەوتەکانیدا، ئەرکی وەڵامدانەوە بە ماشینی تەبلیغاتی بۆرژوازی و هاوکاتیش رۆڵگێرانی بەوێنەی بڵندگۆی بلۆکی و چەپ و کۆمۆنیزم و نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری، لە ئەستۆ گرتووە.

دەتوانین بڵێین بۆپێشەوە، تاکە سەکۆی بلۆکی چەپ و کۆمۆنیزم و نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەرییە، کە نەبۆتە پاشکۆی روداوەکان و رۆڵی چاودێری سیاسی ناگێرێت. رەوتی کارکردنی ئاکسیۆنی و خۆبەخۆ و بی نەخشە نییە، بروای بە کاری ریکخراو و ئامانجدارانەیە. سایت و میدیایەک نییە چاوەروانی ئەوە بێت ئەو بابەت و راپۆرت و هەواڵانە بڵاوبکاتەوە کە بۆی دێت، بەڵکو خۆی ئاراستەی بابەت و راپۆرت و خەتەکەی دیاری دەکات و ستافەکەی لەکاتی خۆیدا لەسەر هەر مەسەلەو بابەت و کێشە و

جنێوێک و بوختان و تەوهینێک بەمارکس و کۆمۆنیزمیش دەکەن تادڵی خێلی مەلاو ئیسلامی سیاسی ڕابگرن. ئەگەر هەواڵی کوژرانی ژنێک، یان خۆکوژیەکانیان و تەنانەت گۆرە بی ناونیشانەکانیان نیشان

دۆسیەیەکی دیاریکراو، لە ڕوانگەی بەشی پیشرەوی چینی کریکار و ئینسان دۆستیەوە، رەخنە دەگرێت و هاوکات بەدیل دەخاتە ڕوو. هەواڵنێری ناکات و پشتی هەواڵەکان و لایەنی شاراوەیان دەخاتە ڕوو. ئەمەش ئەو تایبەتمەندییانەیە کە بۆپێشەوە لە هەموو میدیاکانی تری بیستراو بینراو نووسراوی تر جیا دەکاتەوە. ئەو لەکاتی خۆیدا هاتنە دەنگ و ئامادەیی بۆ وەڵامدانەوە بە گرفت و کیشە سەرەکی و گەرمەکان و خستنە رووی ئەڵتەرناتیفی دیاریکراو لە جێگای دریژ دادڕی گشتی و مامەڵەی ئاکسیۆنیستی میدیایی، جیاوازییەکی سەرەکیەتی لەگەڵ ئەو میدیاو کەناڵە چەپانەش کە ئامادەییان هەیە.

بۆپێشەوە لەرێگای سەر وتارو وتارو دوا وتەیەوە، لەسەر گرنگترین مەسەلە و گرفتە سیاسی گەرمەکان لەڕوانگەی چەپ و کۆمۆنیزم، دیتە قسە. لە رێگای دۆسیەکانیەوە، فایلە سیاسیەکان و روداوەکان، لێکدەداتەوە و ریزیکی بەرین لە قەڵەمی چەپ و کۆمۆنیست و ئینسان دۆست، دەدوێنێت. لە رێگای تەوەرەکانیەوە، دیدو روانینی راشکاوی خۆی بۆ پرسە گەرمەکان دەخاتە ڕوو. لەرێگای گۆشەی ژنانەوە، زوڵم و بێمافی ژنان، هۆکاری نابەرابەری هەڵاواردنیان، وە ڕێگای وەدەستهینانی ئازادی و مافەکان و کۆتاییهینانی یەکجاری بەستەم کیشی سەر ژنان دەخاتە روو. وە لەرێگای وەرگێرانەوە دەیان بابەتی رابەرانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کریکاریی لە بۆپێشەوەدا بڵاوبۆتەوە. لە ریگای گۆشەی ئەدەب و هونەرەوە، پەیامی هونەریکی ئینساندۆست و ژین دۆست و بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و دیاردەکان، دەخاتە ڕوو.

بۆپێشەوە لەچوار ساڵی رابردوودا، پابەند بە خەتی راگەیاندراوی خۆی و مەوازینی تایبەت بەخۆی بووە... پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵ دەیان لە رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری چەپ و کۆمۆنیست و ئینسان دۆستدا رێکخستووە. لە پەیوەندی توندو تۆڵدا بووە لەگەڵ دەیان کەسایەتی سیاسی بەرجەستە بۆ قسەکردن لەسەر دۆسیە و تەورە تایبەتیەکان. هێڵی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، نوینەرایەتی کراوە و دەیان ژنی تیکۆشەری ریزی یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان وپیاوان بۆپێشەوەیان وەکو سەکۆیەکی بەرگری لە مافەکانی ژنان و ئازادییەکانیان بەدەستەوە گرتووە. دەیان هونەرمەندی دەست ڕەنگین لە رێگای بەرهەمە هونەریەکانیانەوە، بەشداریان لە بۆپێشەوەدا کردووە و غەم و گرفتەکانیان، لە رێگای شیعر، لیکدانەوە بۆ تیکستەکان و کەسایەتیەکان کردووە. بە کورتە چیرۆک و بە هونەری کاریکاتیری ئاست باڵا، واقعیەتی دنیای نابەرابەر و زوڵمستانی دەسەڵاتیان خستۆتە ڕوو... لە رێگای گۆشەی دەمە تەقێوە، بەپیی و توانا ئەدیب و هونەرمەندەکان بەسەر کراونەتەوە...

ئیستا بۆ پێشەوە بە هەوڵ و ماندووبوونی ستافیکی کەم و خۆبەخش، هاوکارانێکی ماندوونەناس، تا ڕادەیەک پەیوەندیەکی توند و تۆڵی لەگەڵ کۆمەڵگەو دەیان هەزار خوێنەردا دروستکردووە... خەت و روئیایی بۆ هەموو کەس و لایەن و گرووپێک رۆشنە. بە سوکە نیگایەک لە مانشێت و سەرخەتی بابەتەکانی، جیاوازی ریشەیی لەگەڵ میدیاکانی ترو پەیامی روون و راشکاوی دەبینرێت...

بۆپێشەوە بۆ بەردەوام بوون و بەرەوپیشەوەچوونی زۆرتر و زۆرتری، بۆ پڕکردنەوەی لاوازییەکانی، پێویستی بە قەڵەمی تیژی کۆمۆنیستی، ماکسیمالیست، رۆشن و بەشداری فراوانتری قەڵەمی بلۆکی چەپ و کۆمۆنیست هەیە... هیواداریین لەدەستپێکی پێنجەمین ساڵییدا، ژمارەیەکی زۆتر لەگەڵمان بێن و بۆپێشەوە بەدەستەوە بگرن، کەموکوڕییەکانی چ لەباری ناوەرۆک و چ لەباری فۆرم و مۆنتاژەوە پر بکەنەوە، گۆشەی تری بۆ زیاد بکەن... وە بەدەستیەوە بگرن.

بۆپێشەوە سەکۆی گێرانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان، بڵندگۆی سازدانی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کریکارە، مینبەری شۆرشی کریکارییە لە کوردستان. با ئێمە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەدەستیەوە بگرین و لەو ریگایەشەوە میدیای چەپ و کۆمۆنیستی بکەینە چرا و قیبلەنوومای رۆشنکردنەوەی ئایندەیەکی گەشاوە و چوارچێوەیەکیش بۆ ریکخستن وسازدانی شۆڕشی بێبەشان...

**بۆپێشەوە بۆ بەردەوام بوون و بەرەوپیشەوەچوونی زۆرتر و زۆرتری، بۆ پڕکردنەوەی لاوازییەکانی، پێویستی بە قەڵەمی تیژی کۆمۆنیستی، ماکسیمالیست، ڕۆشن و بەشداری فراوانتری قەڵەمی بلۆکی چەپ و کۆمۆنیست هەیە...**

**بۆپێشەوە سەکۆی گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان، بڵندگۆی سازدانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کریکارە، مینبەری شۆڕشی کریکارییە لە کوردستان. با ئێمە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەدەستیەوە بگرین و لەو ڕێگایەشەوە میدیای چەپ و کۆمۆنیستی بکەینە چرا و قیبلەنوومای ڕۆشنکردنەوەی ئایندەیەکی گەشاوە و چوارچێوەیەکیش بۆ ریکخستن وسازدانی شۆڕشی بێبەشان...**

پرسی ژن ؟



تووندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر



# فره ژنی

## نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

فرەژنی لە نێو هەندێک گرووپی جیاجیای خەڵکدا باوەو دیارترین و قێزەون ترینیان و ناشیرین ترینیان فرەژنی دینی ئیسلامە، چونکە بە پێی ئایەتی قورئان و شەریعەتی ئیسلامی حەلاڵ کراوە. لە سورەتی نیسائدا، بە پیت و دێڕ دەڵێت: پیاو دەتوانێت دوو ژن و سێ ژن و چوار ژن بهێنێت، بەڵام ئەگەر ترسان لەوەی نەتوانن هاوسەنگی لە نێوانیانیدا دروست بکەن، ئەوە تەنها یەک ژن بەسە. چوار ژن بۆ پیاوێک لە نێو موسوڵماناندا، ڕیفۆرم بووەو سودی هەبووە بۆ ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر. ئەوکات بۆ ئەوە بووە پیاوەکان ماڵی لەش فرۆشی و هەڕاج کردنی ژنان دابخەن و بە حەلاڵ و بە یاسای دینەکەیان، لە چوار ژن زیاتریان نەبێت.

قسەی زۆر و ڕەخنەی لەسەر ئەوە هەیە کە بۆچی چوار ژن حەلاڵە بۆ یەک پیاو، بەڵام دەرچوونی ژن بە بێ پرسی مێردەکەی حەرامە؟ دەیان و سەدان کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لە سەرجەم کتێب و ئاینەکان هەیە، بەڵام من شیکەرەوەی قورئان و ئینجیل و تەورات نیم و کاریشم پێیان نییە، هێندە دەزانم ئیتر ئێستا لە دونیایی ئەمڕۆدا، کارکردن و جۆری ژیانکردن بە پێی دەقە ئاینیەکان، هەڵەیە و نەگونجاوە لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتەیانەدا.

لە مێژووی کۆنی وڵاتە ڕەش و ڕووتە عەرەبیەکاندا، جگە لە بازرگانی و چەتەگەرایی و قاچاخچێتی، هیچ کار و کەسابەتێکی دیکە نەبووە پیاوەکانیش بیکەن نەک ژنەکان، بۆیە هەمووی بە کۆمەڵ ژیاوە. پیاوێک دەیان ژن و سەدان منداڵی بەخێو کردووە، بێجگە لەوەی بە ئارەزووی خۆی هەر کات ویستبێتی لەگەڵ یەک لە ژنەکان سێکسی کردووە، هاوکات هەموویانی بە خێو کردووە.

لە دونیایی عەرەبی کۆندا، ژن هیچ ئەرک و فەرمانێکی نەبووە، لە بەخێوکردنی منداڵ و ئەرکی ماڵ زیاتر. لە زۆر کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا و بە کوردستانیشەوە، تا ئێستا هەمان باوەڕ بە ڕەوا دەبینرێت وژن بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر دەکرێتە خزمەتکاری مێرد و دایەنی منداڵ. ئەڵبەت ئەوەی لە کوردستان بە ڕەوا دەبینرێت، لە دەرەوەی کوردستان حەقیقەتی جۆری ژیانکردن شتێکی دیکە دەسەپێنێت، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ژنەکان وەک پیاوەکان کار نەکەن و هاوبەش نەبن لە هێنانی داهاتێک بۆ ماڵ، ئەوە ژیان ناگوزەرێت و هەموو شتەکان قورس و زەحمەتن، پیاو بە تەنها بتوانێت جێبەجێی بکات. بۆیە هەموو ئەو پیاوانەی ڕێگرن لەوەی ژن خۆی داهاتی خۆی هەبێت، ئەوە لە دەرەوەی کوردستان

شەڕ دەکەن لەگەڵ ژنەکانیان ئەگەر نەتوانن مانگێک بچنە سەر کارەکانیان.

هەر لە دونیایی پێشووی عەرەبدا، کچی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان بە جیا لە هەموو ژنانی تری خێڵ و خێزانەکانی عەرەبی، هەمان بازرگانی و قاچاخچێتیان کردووە. بۆ نموونە خەدیجە، یەکەم ژنی پێغەمبەری موسوڵمانان، یەک لە ژنە هەرە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکانی ئەوکات بوو.

پیاوانی موسوڵمان هەر بەپێی ئایەت و فەرموودەی چوار ژن حەلاڵە و ئەگەر نەتانتوانی هاوسەنگی لە نێوانیاندا دروست بکەن ئەوە یەک بەسە، لەو مێژووە بەدوا، بە مافی شەرعی خۆیانی دەزانن، چەند ژنێک لە ماڵەوە ببەستنەوەو هەرکات زەوقیان لە کامیان هەبوو، بڕۆن لە گەڵی بخەون. دیارە پیاوانێکی زۆری موسوڵمان هەن، باوەڕیان بە فرەژنی نییەو لە یەک ژن زیاتریان نەهێناوەو نییە، بەڵام هیچ کات ناوێرن ڕەخنەی لێ بگرن، چونکە لە قورئاندا نووسراوەو دەترسن لە خودای خۆیان و ناتوانن وەک کارێکی خراپ باسی بکەن.

من لەوەتای هەم چەندین پیاوی موسوڵمان تەکلیفی هاوسەرگیری و پەیوەندی خۆشەویستیان لێ کردووم، بەڵام هەرگیز جورئەتی ئەوەم نییەو نەبووە، بیر لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ هیچ پیاوێکی موسڵمانادا بکەم، چونکە ئەگەر منیشی زۆر خۆش بوێت، ئەوە دینەکەی ڕێگەی پێدەدات، هەرکات داهات و پارەی زۆری هەبوو، ئەوە هەر بۆ حەزی خۆی، ژنێکی دیکەش بهێنێتە سەر جێگاکەم، یان لە ژوورێکی تر، یان لە ماڵ و شارێکی تر. جا ئەوکات، ئەگەر خۆشم ئاگام لێی نەبێت، ئەوە کچەکەم تا نەیخاتە زیندان وازی لێ ناهێنیت، چونکە بیر کردنەوەی دایکی و پەروەردەو خوێندنی دەرەوەی کوردستان فێری ئەوەی کردووە، لە ناحەقی بێدەنگ نەبێت.


لە کوردستاندا بە پێی شەریعەتی ئیسلامی و بە پێی یاسای نوێی پەرلەمان، ئەگەر ژنی یەکەم ڕازی بوو، ئەوە پیاو دەتوانێت ژنی دووهەم بهێنێت. بۆ منێکی فێمینست، چەندە پیاوەکە لەو پرۆسەیەدا تاوانبارە، هێندەش ژنی یەکەم و ژنی دووهەم و خێزان و هاوڕێ و دۆستەکانیشیان کە پیرۆزبایی و موبارەکە بوونی خۆیانی بۆ ڕادەگەیەنن، هەموو تاوانبارن. تاوانبارن، بەوەی دوو ژن دەخەنە خزمەتی پیاوێکەوەو حەز و بۆن و باوەش و هەموو هەستەکانی دوو ژن، دەکرێت بە موڵکی یەک پیاو. ئینجا ئەگەر ژنی دووهەمیش ڕازی بوو، ئەوە هەمان پرۆسە بەردەوام دەبێت! ئەو خەڵکانە تاوانبارن بەوەی، جۆرێک لە خێزان و جۆرێک لە منداڵ پەروەردە دەکەن، کە سێکس تێیدا تەنها بابەتی گرنگ و تاکە شتێکە کە باوکیان لەگەڵ دایکەکانیان کۆ دەکاتەوە. ئەو خەڵکە جۆرێک لە خێزان دروووست دەکەن، کە منداڵ تێیدا هیچ جۆرە نرخێکی نییە. هیچ کەس لەو پرۆسەیەدا ناچێت پرس بە منداڵەکان بکات، کە ئایە ئێوە ڕاتان چیە، وەک ئەوەی منداڵ تەنها ئیشی نانخواردن و خەوتن بێت و تەواو. ئەوانە تۆمەتبارن بەوەی، تەنها بە خاتری حەزی پیاوێک، چەندین ژن و منداڵ تووشی باری دەروونی خراپ دەکەن و دەیان کێشەو گرفتی ئیرەیی بردن لە یەکتر و شەڕو ئاژاوە، لە نێوان ئەو خێزانانەدا درووست دەبێت. لەکاتی هەر شەڕ و ئاژاوەیەکیشدا، تەنها ژنەکان و منداڵەکان زەرەر دەکەن، چونکە پیاوەکە هەر کە زۆر نارەحەت بوو، دەڕواتە دەرەوەی ماڵ و لەباوەشی ژنێکی دیکە، یان بە ڕابواردنی خۆی لەگەڵ هاوڕێکانی، خەمی خۆی بە با دەکات و ئەوانی تریش بەدەرەک!

به باوەڕی من، فرەژنی جگە لەوەی تاوانە، بێ ڕێزیشە هەم بە ژن و هەم بە پیاو، چونکە تەنها هۆکاری فرەژنی لە دونیایی ئەمڕۆدا سێکسە، نەک وەک پێشتر کە هۆکاری سەرەکی باری ئابووری خەڵک بووە. لە کاتی ئێستادا، پیاو کە ژنی دووهەم دەهێنێت، بێگومان دەبێت لە ژنی یەکەمی گەنج تر و جوان تر و کچیش بێت و شووی تری نەکردبێت. ئیتر خۆ ڕەنگە هەموو ئەو ژنانەش داهاتی ئابووری خۆشیان هەبێت، کەوایە بابەتەکە تەنها سێکسەو هیچی تر. ئەمەش بە ئاشکرا دەوترێت و باسی دەکرێت، بۆ نموونە دەڵێن: چەند ژنە لە کاری بێڕەوشتی باشترە، ئەمە بە جیا لەوەی خەڵک چوزانێت ئەم پیاوە بێجگە لە بە خاوەن بوونی دوو ژن و سێ ژن، چی تر دەکات و شەوەکانی کە لە ماڵەوە نییە، لە کوێ گەرم دەکاتەوە! ئەسڵەن بێ ڕەوشتی چیەو چی لەوە بێڕەوشتی ترە باوکێک بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە، هەر شەوەو لە باوەشی یەک لە ژنەکانی بێت! بێڕەوشتی لەوە گەورە تر چییە، منداڵێک ببینیت باوکی هەر بۆ خۆشی خۆی، دایکی خۆی و ژنێکی دیکەشی لە ماڵەوە ڕاگرتووەو هەر جارەو دەچێتە لای دانەیەکیان! بێڕەوشتی ئەوکاتە دەست پێ دەکات، کە پیاوێک ژن و منداڵەکانی دەکاتە قوربانی حەز و ویستی خۆی. فرەژنی خۆی بۆ خۆی گەورەترین بێڕەوشتیە، بۆیە ئەو پیاوانەی بانگەشەی ڕەوشت دەکەن، هەر ئەوکاتەی دەستی ژنی دووهەمی گرت و بردیە ژوورەوە ڕەوشت لە پەنجەرەی ژوورەکەی فڕێ دەداتە دەرەوە. هەر بۆیە فرەژنی چەندە بێ ڕێزیە بە ژن، هێندەش بە پیاو، چونکە وەک بوونەوەرێکی بێ ڕەوشت و گوێنەدەر بە دونیایی منداڵ دەری دەخات. فرەژنی، پیاو وەک کەسێکی گەمژەو بێ شعور پێناسە دەکات، کە کوێ خۆشی ژیان لە زیاتر سێکسکردن و زۆترین کات لەسەر جێگا خەوتن پێناسە دەکات، تا ئەوەی خەریکی بەشەکانی تری ژیان و فێربوون و پەروەردەی تەندرووستی منداڵەکانی بێت...

**چی لەوە بێڕەوشتی ترە باوکێك بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە، هەر شەووەو لە باوەشی یەك لە ژنەکانی بێت! بێڕەوشتی لەوە گەورە تر چییە، منداڵێك ببینیت باوکی هەر بۆ خۆشی خۆی، دایکی خۆی و ژنێکی دیکەشی لە ماڵەوە ڕاگرتووەو هەر جارەو دەچێتە لای دانەیەکیان!**

# چەند شیعریکی: خالید بایەزیدی (دلیر)

## خەونی بەهاری



-

بەهار هات!

بەلام نازانم بۆ:

درەختەکان ناپشکوین

بەگومانم...

ئەوگوڵەباخەی خوی کوشتووە

خونچەکانیشی لەگەل خوی بردووە؟!

-2

ژنێک کوژرا!

گوڵێک لە دە ستە کانی ڕوا...

لەلایەن بەهارەوە

ئەم گوڵە

بەهەموو خوشەویستان

پێشکەش کرا !

-3

دیسان بەهار هات

بەڵام من!

لە خە ونی خەیاڵی گوڵەکاندا

خەوم لێکە وت

-4

گوڵێک تووڕە بو!

چونکە دەیان ویست

بیبەن بۆباخچەی پاشایەک

پاش سەدان ساڵ دیتیان:

ئەم گوڵە...

لەسەرگوڕی هەژارێک ڕواوە

-5

بەهار!

هەمیشە گەلایەکی زەرد

لەسەر شانەکانمان ئەڕوێنێت

وگەڵایەکی سەوزیش

لەسەرشانەکانی خوی...

تاکووئێمە: پیربین و

بەهاریش گەنج

-6

باڵندەیەکی لە زیندانکراو

دەیەویست:

لانی کەم!

دەلاقەکە ی...

روبەڕوی بەهاربکریتەوە

-7

لە خوێنی خۆماندا

گەوزاین

تاکوو بەهار

بە هەنگاوەکانی

گوڵاڵە وسەوزایمان

بۆ بێنێت!

-8

دڵتەنگ ئەبم

بارانی بەهاری

دەم وچاوم ئەشووا

وتنوک...تنوک... ماچم ئەکا!

-9

ساڵەهای ساڵە!

خەونی بەهار ئەبینم


بێ ئەوەی کە...

بەهارێکم دیتبیت؟؟!!

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالح، حەکیم میرزا



# بەشێکی تر لەدەقی قسەی من بۆ مردویەك



قۆپچەی کراسەکەم بۆداناخرێت

دەستم بەدڵمەوە دەلەرزێت

بەم چارەکە عومرە مەشلولەوە

چۆن ئەتوانم

دوا نیگای گەورە کچێکی هەڵەبجە

بەرمە بەر ئاوێنەو بەشانەیەکی دار

پرچە دوکەڵاویەکانی بۆشانەکەم

گڤەی ئەم بایە هەراسانی کردوم

من مردنم بەچاوەکانی خۆم بینی

بەگۆچانێکی خوارو خێچەوە

بێرەدا دەرۆشت و لەدرزی دیوارەکانەوە

سەیری ماڵانی دەکرد

ئینجانەکان دەشکان

شووشەی پەنجەرەکان هاڕەیان دەکرد

دایکم لەبۆڵە بۆڵی من

ڕادەچڵەکێت و

دەستی دەخستە سەر ناوچەوانم و

پێی ئەوتم ئەڵێی تاو هەیە ئەوندە بۆلێوت دەگەزیت

قۆپچەی کراسەکەم بۆدانەخرێت

بەچارەکێک دڵی کون کونەوە

چۆن ئەتوانم داوەتی باران بکەم و

پێی بڵێم باران خان ئەگەر کاتت هەیە

باقاوەیەک پێکەوە بخۆینەوە و

دوایش بەسەر خۆشی

پیاسەیەک بەناو ئەم گۆڕسانەدا بکەین و

سەری یەکتریش هەڵگرینەوە

من سەرم ێشێت

خەریکە لەکراسەکەی خۆم بێمە

دەرەوەو بەدەنگێکی تۆزاویەوە هاوار بکەم

ئەریٚ ئەم گەڕەکە بۆئەوەندە

چۆڵە و شاشەی ئەم تیڤیانە

بۆرەش هەڵگەڕاون

ئەم کچانە بۆستیانەکانیان خوێنی پیادەچۆڕێتەوە

ئەم دار هەنارانە بۆوا حەپەساون

قۆپچەی کراسەکەم بۆداناخرێت

سەرم بۆ ناخرێتەوە شوێنی خۆی

پارچە شکاوەکانی جەستەم بۆلەیەک نادرێتەوە

ئەڵێی سەبری ئەیبوم هەیە ئەوەندە

بەرگەی تەنیایی خۆم دەگرم

من شێتم شێت تەکلیفی ماچ لەباران دەکەم

بەئاو ئەڵێم ئەتوانیت ژمارەی تەلەفونکەی

خۆتم بۆ پۆستکەیت

من شێتم شێت ڕێگە لەباران دەگرم

لەبەرخۆمەوە قسە لەگەڵ خوادا دەکەم

مردوەکان ئەهێنمە پێکەنین

بەعومەری خاوەر ئەڵێم نەکەیت

زیندوبیتەوەو بێیتە خوارەوە

قۆپچەی کراسەکەم بۆدانەخرێت

یەک قەسیدەی خۆمم بۆ ژێرنابێتەوە

هیچم لەگەڵ کەناریەکی ماتدا بۆ ناوترێت

کە بەلای خۆمدا دەڕۆم

خۆمم بۆ ناناسرێتەوە

لەسەر خۆشێکی بەد مەست دەچم

بیانو بەهەموو شتێک دەگرم

شەڕ لەگەڵ خوادا دەکەم

من شێتم شێت

کەدەکوژرێم زیندو دەبمەوەو

کە زیندوش دەبمەوە

دەهری دەبم

بنوسە گیانەکەم بنوسە

هەرچی دەنوسیت بنوسە

بەس مەنوسە خۆشمدەوێیت

..............

میرزا

١٣/٣/٢٠٢١

# ئەی سۆشیالیزم { O socialisme

Henriette Roland Holst (1869_1952

قەسیدەی: هێنریێتە ڕۆلاند هۆڵست

وەرگێڕانی: ئەحمەد جوانکار



ئەی سۆشیالیزم

ئەبێ بگەڕێیتەوە ..

ئەبێ بگەڕێیتەوە .. بۆناو دڵ و

بۆناو ناخی مرۆڤەکان،

بۆئەوەی جارێکی دی

کارەپیرۆزەکانیان تەواوبکەن.

لەئێستادا

ئەبێ بیربکەیتەوەو

ئەبێ ئەوە بزانی

کەتۆ ساڵانێکە هەروەکو

بیرێک دەرکەوتوی ..

پێویستە تۆ.. دووبارە ئەو ئاوازو

ئاماژە سروشتیانە بدۆزیەوە،

کەژیان لەسەرزەوی.. بۆهەموان بوو.

ئەبێ تۆ

بگەڕێتەوە بۆسەرچاوە

ڕاستەقینەکەی خۆتوو ..

تێرئاوی لێبخۆیتەوەو.. هەمووشتێکیترلەبیر بکەی .

سیە ماندووەکانت پڕبکەوە

لە هەوای پاک وتازە

بۆ ئەوەی بگەشێیتەوە ..

هەوای شارگەرم و دوکەڵاوی بووە .

دەمە تەقێ

## گفتوگۆی هونەرمەند کاوان قادر لەگەڵ هونەرمەند هیوا ساڵح

**کاوان قادر: هاوڕێ هیوا بەو پێیە ٨ ساڵ لە پاکستان وەک پەنابەرێک ژیاوی، ئاوارەیی لەو وڵاتە تەجروبەیەکی جیاوازو تەسەورێکی جیاوازی لە ژیانی هونەری پێ بەخشیوی، هونەر چی کۆمەکێکی پێ کردی؟ ئایا ئەتوانی بەراوردێک لە نێوان کوردستان وپاکسان لە ئاستی هونەریدا بکەیت؟**

**هیوا ساڵح:** سوپاس بۆ پرسیارەکەت، حەتمەن نەک بۆ من بۆ هەمووکەسێکی تر لە جێ گۆڕکێدا بەو جۆرەیە سەرەتا هەست بە جیاوازییەک ناکەیت، چونکە لەڕووی ئەوەی شارەزاییت لە کلتورو زمانی ئەو وڵاتەدا نییە، شوێن گۆڕین کاتی ئەوێت، ئەویش دەکەوێتە سەر هەوڵ و بەدواچوونی خۆت، بەو حوکمەی کە خۆم خولیای هونەریم هەبوو وە تەنها ئەو بوارە شارەزابووم، بۆیە یەکەمین هەنگاوم لێرەوە دەستی پێکرد و دەرگاک بوو لە ئاشنایەتیم بە بە کلتورو شارستانیەتی ئەو وڵاتەوە، یەکەمین بەرکەوتەم لە شاری ئیسلام ئاباد بوو لە مەیدانێکی گەورەی ئەو شارەدا کە ڤیستیڤاڵێکی یەکجار گەورە بەڕێ خرابوو، کەوتم بەسەر گردبونەیەکی گەورەدا وجێی سەرنجم بوو کە بزانم ئەو خەڵکە لەدەوری چی کۆبونەتەوە، ئەویش دوو هونەرمەند بوو کاری هونەرییان دەکرد لەو مەیدانەدا، ئەمە بووە جێگەی سەرنجی من وکەوتمە سەر ئەو بیرکردنەوەیە کە خەڵکی لێرە موحتاجی لەتێ نانن، بەڵام دەمبینی هێشتا پێزانینیان بۆ هونەر هەیە و خەڵکی ڕێز لەهونەر دەگرێت سەرەیان گرتبوو تا پۆرترێتیان بۆ بکرێت، بە فرسەتم زانی خۆم بناسێنم بەو هونەرمەندانە، خەڵکی وڵاتەکەی خۆمم بیر دەهاتەوە لەساڵەکانی ٨٠ کان سەرەڕای توندو تیژی وئیستیبداد خەڵکت بە پەرۆشەوە دەبینی باوەش بۆ هونەرو ئەدەب و شانۆ دەکاتەوە، فرسەتێک بوو خۆم بەو هونەرمەندانە ناساند، هاوکارییان کردم و ڕێنوێنیان کردم کە پەیوەندی بە کۆلیجێکی ئەهلی هونەرییەوە ببەستم، دوای ئەوەی پەیوەندیم بەست بۆ کۆلیجەوە هاوکارییان کردم ئیتر لێرەوە یەکەمین هەنگاوی من دەستپێکرد، کە لە ۆرکشۆپەکانیان لە ستۆدیۆکەیان سود وەربگرم بەڕاستی باوەشیان بۆ کردمەوە کاتێ زانیان ئاوارەم وهونەرمەندیشم .




کاوان قادر: ئەگەر لە باسەکە لا نەدەم ئێستە لەگەڵ ٨٠ کان جیاوازی هەیە لە ڕووی هونەرییەوە، سەرەڕای هەموو ئەو ئیمکاناتە زۆرەی ئێستە لەبەر دەستدایە، تەنانەت خەڵکیش ئەوەندە پێشوازی لێ ناکەن بە بەراورد بە ڕابردوو ئایا هونەرمەندی باش نی یە؟ یان ئەم تەجروبە خراپەی دەسەڵات لەجیاتی بوژاندنەوە هەموو جوانی و بەها کۆماڵایەتییەکانی لەگۆڕ ناوە؟

هیوا ساڵح: هۆکارەکەی بە ئاشکرا دیارە هونەر لای ئێمە بۆ فەوتا، چونکە بەڕاستی دەورەیەک ئەوەندە پارە هەڵڕژا کەس نەئەچوو بەلای هونەر و قییەم و ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی ساڵەهابوو خەباتیان لە پێناودا کردبوو، قوربانیان بۆ دابوو، هەموویمان لە بیرچۆوە، پارە بە جۆرێک هەڵڕژا ئەو وڵاتەی ئیبادە کرد، ئەو وڵاتە بە ٣ قۆناغدا ڕۆیشت کاتێ من جێم هێشت زۆر لە هەژارییدا دەژیا، هەژاری خۆی بێ مانایە، بەڵام هەموو شتێک لای هەژارەکان مانای خۆی هەیە ئەوەی هەموو شتێکی بێ مانا وبێ نرخ کرد کۆمەڵێک دەوڵەمەند لەو وڵاتە ناتەبیعی بەبێ هیچ داهێنانێک و ئینتاجێکی سەنعەتی هەڵتۆقین کە ئەمە وای کرد ئیقتیسادی ئەو وڵاتە بکەوێتە دەست کۆمەڵێک سەرمایەدارو مافیای هەڵتۆقی و بەپارەی دزین، لێرەوەیە تراژیدیاکە دەستپێدەکات هیچ شتێک مانای نامێنێت تەنانەت ئینسانیش بەراوردەکە لە نێوان پاکستان ولای خۆمان لێرەوەیە لە پاکستان بە ئاشکرا ئەو جیاوازییە تەبەقییە دەبینی ژیان کردن زۆر ئاسان نی یە خەباتی دژی سەرمایەداری ڕێگەی ڕزگاربونتەو وەسەلام، بەڵام لای ئێمە نازانی خەبات لەدژی چی بکەیت، سەرمایەدارییەکەت کوردییە پارەی کەم ئەندام وخانەنشین ئەبڕن، مەکتەبەکان داخراون تا مامۆستایان هۆکارێکیان نەبێت داوای موچەکانیان بکەن، ئەمانە هەمووی لەژێر سایەی دەسەڵاتی کوردیدا کەچی شەڕی ڕزگاری وسەربەخۆیی نەتەوەییت لەگەڵ نەتەوەیەکی تردا پێ دەکەن، حزبە دینییەکانیش دیوەکەی تری دراوەکەن، بۆیە بەڕاستی ناتوانیت بەراوردی پاکستان وکوردستان بکەیت. ئەگەر بگەڕێمەوە سەر بەشی یەکەمی پرسیارەکەت ئەو بەرکەوتنەم بە کۆلیجی هونەرەوە ئەوە بووە هۆی ئەوەی زۆرێک لە هونەرمەندە بەتواناکانی ئەو وڵاتە بناسم دەتوانم بڵێم لە کۆڵانە تاریکەکاندا لە ماڵە دەستکورت و هەژارەکاندا خەلاقییەت لە هونەردا ئەبینیتەوە هەروەک پێشتر وتم وەک ساڵانی ٨٠ کانی لای خۆمان وابوو، بەڕاستی ژیان لەو وڵاتەدا ئەوەندە سەختە ئەگەر زۆر داهێنەر نەبیت ناتوانیت بژیت بۆیە ئەو هونەرمەندانەی لەو ماوەیەدا ناسیومن زۆر شتیان لێوە فێربووم بەو باوەڕە گەیشتم ئینسان ئەگەر بیەوێ دەتوانێ موستەحیل بخولقێنێ. پاکستان وەک لای خۆمان نییە لەبەر ئەوەی پەیوەندیت بەحزبێکەوە هەبێت هونەرمەند بیت ومەعاشخۆری ئەو حزبە بیت و ژیانت دابین ببێت، ئەزانم ئەو معاشخۆرانە بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن، بەڵام بەداخەوە هەر ئەو هونەر پیشانە قۆرخی ساحەکەیان کردوەو، ئەوەی لەدەرەوەی بازنەکەیە هەوڵی چونە ناو بازنەکە دەدات نەک خەباتکردن بۆ تێکشکاندنی ئەو بازنەیە، ئەگەر چی ئەوانەی ناو بازنەکەش بەبێ ئەوەی داهێنانێکیان لە هەگبەیا بێت، لەوێ لە پاکستان بەڕاستی ئەبێت داهێنەر بیت تا نانێک بە هونەرەکەت پەیدا دەکەیت، هونەرمەندانی ئێمە دەبێت فێری ئەوە ببن بە داهێنان بژین، نەک بە معاشی حزب، ئەمە ئەو ڕێگەیەیە ئەو بازنەیە تێک بشکێنیت، چونکە ئەگەر وا نەکەن هونەرەکەیان دەپوکێتەوە، من پێم وایە هونەرەکەت بفرۆشی باشترە وەک لەوەی خۆت بفرۆشیت...

گۆشەی ئەدەب و هونەر

## تەوزیفکردنی "تەنز" بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی کۆمەڵگە ..

ن/جەمال نوری



گەر بۆ چۆنێتی تەوزیفکردنی وشەی تەنز بگەڕێین لەناو ئەدەبی کوردیدا دەبینین ئەدەبەکەمان لەئاست ئەم ژانەرەی ئەدەب خۆی، هێشتا نامۆیە پێی و بەوردی بۆی نەگەڕاوەو لەناو لاپەڕەکانی ئەدەبیشدا باوەشی بۆ نەکراوەتەوە، گەر کەسانێک هەبێ پێیان وابێ تەنز کت و مت دەکاتە هەجوو، ئەوا بەهەڵەدا چوون، چون هەجوو واتە داشۆرین لەناو ئەدەبیاتی گەلانی ناوچەکەشدا ڕەنگی داوەتەوەو لەئەدەبی کوردیشدا پانتایەکی باشی داگیرکردوە کە سەرمەشقی ئەم داهێنانەش دەگەڕێتەوە بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی کەزیاتر لەم ژانەرەی ئەدەبدا شۆڕ بۆتەوەو دەستێکی باڵای لەم بوارەدا بەڕوونی دیارە لەئەدەبی شیعری هەجوودا، بەڵام وەنەبێ تەنها ئەم بوارە قۆرغ کرابێ لەسەر شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەڵکو زۆرێ لەشاعیرانی پێش شێخ ڕەزا لێرەو لەوێ شیعری هەجوویان بەکارهێناوە بۆ نموونە حەزرەتی نالی لەشیعری بۆ مەستورەی ئەردەڵان بەئاشکرا دەبینرێ، هەروەها وەک قانعی شاعیرو هێمن و عەلی کمال باپیر و شوکری فەزڵی هتد ..

بەڵام "تەنز " لەناو کایەی ئەدەب دا بوعدێکی فراوانترو گشتگیرتری هەیە واتە گەر بەراوردی بکەین بە هەجوو، ئەوا دەتوانم بڵێم هەجوو لە سنوری لۆکاڵی و تاکە کەسیدا ئاڕاستە دەکرێ، بەڵام تەنز وەک چەمکێکی عەقڵانی لەشێوەی لۆکاڵ هاتۆتە دەرێ و خۆی لەنەنگییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان دەدات ولەڕێگای بەکارهێنانی تەنزی شیعری یا نوسینی ئەدەبی، وەک ڕۆمان و چیرۆک ڕەخنەی توند بەزمانی تەنزی ئەدەبی لەو دۆخە نالەبارەی کۆمەڵگا دەگرێ، بە مەبەستی چاککردنی یاخود گۆڕین و ئاڕاستەکردنی بەرەو دۆخێکی تەندروست.

### "تەنز" لەناو ئەدەبی گەلاندا

نووسەرانی کورد یان نەیانتوانیوە لەو فۆڕمەدا قاڵبینەوە، یاخود ئەم جۆرە ژانەرە گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە لە ئەدەبی کوردیدا، لەکاتێکدا لە ئەدەبی جیهانیدا، بە گرنگییەکی زۆرەوە لێیانڕوانیوە. لە ئەدەبیاتی ئەمەریکا " بۆکۆڤسکی" توانی لە ڕێگەی چیرۆک و ڕۆمانە تەنز ئامێزەکانیەوە بە ئاشکرا ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی و باری ڕامیاری و تەنانەت ئابووری وڵاتیش بگرێت، کتێبی "کۆمەڵە چیرۆکی قاحپەی 135 کیلۆیی"* و "ڕۆمانی بازاڕی" باشترین دوو نموونەن. لەناو ئەدەبیاتی ئەورووپاشدا لەو ڕوانگە و لەم ئەدەبەوە، ڕووسەکان خاوەنی" دۆستۆڤسکی "و" ئەنتۆن چیخۆفن، "لە ئیتاڵیاش "مۆراڤیا" و لە تورکیاش" عەزیز نەسین." هەریەک لەو نووسەرانە توانیان لە ڕێگەی بەرهەمە تەنز ئامێزەکانیان کۆمەڵگەی ئەوکات بخەنە ژێر پرسیارەوە.

داینەمۆی نوسینی تەنزئامێزەکانیان لەدوو فاکتەرەوە سەرچاوەیان گرتبوو:

یەکەم/ ڕەخنەگرتن بوو لە نابوتی و کارە ناشیرینەکانی ناو کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی و بوارە فەرهەنگی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوسەردەمەیان.

دووەم/ بە نووسینی ئەو شێوە لە بەرهەمی ئەدەبی تەنز توانیان کەلێنی ناو کتێبخانەی گەلەکانیان پڕبکەنەوە ئەدەبی تەنز ئامێز، لە شێوە گشتییەکەیدا ڕەخنەگرتن یان تایبەت بە دەربڕینی مانا گەلی توندوتیژی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئایینی، کولتووری، فەرهەنگی، هونەری... هتد ) کە بەشێوەی ژانەری شیعر، چیرۆک، ڕۆمان دەنووسرێت.

شێرکۆ عەبدوڵا ، شاعیری تەنز ئامێز

لەدوای ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ەوە، خۆشبەختانە، لەهەرێمی کوردستان، ئەوەی زیاتر قەڵەمەکەی بۆ ئەم ژانەرە لە ئەدەب تەرخانکر، د،شێرکۆعەبدوڵا بوو، کە بێ گوێدانە تیرو توانجی هاوڵاتیان و چاوزەقکردنەوەی بەرپرسانی حزبەکان، زمانی تەنزی شێرکۆ عەبدوڵا زیاتر تەشەنەی سەند، بەجورێک ئاڕاستەکردنی تەنزە شیعریەکانی بە خودی حزبەکان و بەرپرسانی حزبی و حوکمی و مامۆستاو دکتور و فەرمانبەرو هەموو چین و توێژێکی ناو ئەم کۆمەڵگەیەێ گرتەوە. کەبەڕێگای تەنزی شیعری خۆی لێ نەداو نەیانگوشێ ، لەکاتێکدا هێشتا کۆمەڵگەی کوردی لەسەرەتای هەنگاوەکانی دابوو بۆ گەشەکردن و گۆڕینی سیستمی حوکم و پراکتیزەکردنی دیموکراسی، بەڵام د، شێرکۆ بەزرواو متمانەیەکی تەواوە کاری لەسەرئەم ژانەرەی ئەدەب کرد و زۆر شارەزاییانە خۆی تیابینیەوە، بەشێوەیەک سەرکەوتوو بوو لەئاڕاستەکردنی تەنزە شیعریەکانی کەمەبەستی باشکردن و گۆڕانکاری تەنزی خۆی دەوەشاند، دەبێ ئەو ڕاستیەش بڵێم زەمینەی بیرو بۆچونی ئازادو گەشەکردنی عەقڵی دیموکراسیەت لەسنوری ژێر دەسەڵاتی زۆنی سەوز بەئاڕاستەی کرانەوەدا هەنگاوی دەناو زیاتربواری دەرەخساند بۆئەو نوسەرو ئەدەیبانەی لەبواری ژانەری تەنزدا ڕۆڵی خۆیان خستبوە گەڕ وەک د، شێرکۆ عەبدوڵا سارد نەبوونەوە لەم ژانەرەی ئەدەب، وەک "ڕۆڵان...

بۆ لاپەڕە 16...

# چۆن بەرەنگاری ڕەوتی فاشیزم دەبینەوە لە کوردستان؟

## نووسینی: فاتیح عەباس

### بەشی دووەم و کۆتایی



لە عێراق وسوریاش بەعس لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی، و گەڕاندنەوەی رابردوو کە عەرەب زاڵ و باڵادەست بوون دامەزرا. ئایدیۆلۆژیاکە لەسەر بنەمای جیاکاری و دوژمنکاری هاوشێوەی نازیزم و فاشیزم تیۆریزەکرا بوو، بۆیە ڕەوتی فاشیستی بەخۆیەوە دەگرت و ئەو سروشتەی تێدابوو، لە ١٩٦٣ لە عێراق کودەتایەکی سەربازیان کرد، ڕەشەکوژیان ئەنجامدا، و کە سەدام دەسەڵاتی گرتە دەست، بەعسی کردە حیزبێکی توندڕەو و دەوڵەتێکی مافیایی، سەرکوت و تیرۆر و بێسەروشوێنکردن، ترس و تۆقاندن بەشێک بوو لە سیمای دەسەڵات لە ماوەی ٣٤ ساڵی حوکمرانیدا، کە بە دەوڵەتی رێکخراوە نهێنیەکە ناوزەد دەکرا. تا پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال، و کیمیا باران، و کوشتنی بە کۆمەڵ، و گۆڕە بە کۆمەڵەکانی بەدوادا هات ئەو کردەوانە هاوشێوەی هۆلۆکۆست، و کۆمەلکوژی ئەرمەنەکان بوو.

رژیمی مەزهەبی ئێران کە لەسەر شیعەگەری ئایینی بنیاتنراوە، لە سەرکوت، و داپڵۆسین، و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ڕاوەدونانی ئازایخوازان، گرتن و کوشتن چی لە تورکیا و عێراق و سوریا کەمتر نییە. ئەوەندە بەسە کە لە وەسفی سیاسی دەوڵەتەکە بە کۆماری سێدارە دەناسرێت.

لە کوردستان بە گشتی و لە باشور بەتایبەتی، کاریگەری هەژمونگەری ئایینی، خێڵەکی، کولتوری توندوتیژی قۆناغەکانی ڕابردوو، نەبوونی شۆڕشێکی دیموکراسی راستەقینە کە زادەی گەشەی سروشتی کۆمەڵگە بێت و ببێتە مایەی وەرچەرخان و گۆڕانکاری. کاتێک فکری سیاسیش چەکەرەی کرد، و هێزی سیاسی جیاجیا لە کوردستاندا هاتە کایەوە، ناکۆکی و ململانێی بەردەوامی جەلالی و مەلایی، سیمای هەلومەرجە سیاسیە نوێیەکە رەتکردنەوەی جیاوازی و بەیەکەوە هەڵنەکردن، بگرە کارکردن بۆ نابودکردنی یەکتر بوو. ئەمانە هەمووی گیانی توندوتیژی و شەڕانگێزی و خوێن ڕشتنیان پەرەپێدا، کە لە شەڕی ناوخۆدا گەیشتە رادەی پەلکێشکردنی سوپای وڵاتانی بێگانە و داگیرکەری کوردستان. ئەگەرچی ناسیونالیزمی کوردی لە خەباتی شاخ چ لەشار مژدەی نەهێشتنی ستەمی میللی دەدا، بەڵام ئەورۆ دوای سی ساڵ لە حوکمڕانی دەرکەوت ئەو بانگەشەیە درۆیەکی پڕوپوچ و بێ مانایە، سەرکوت، ڕفاندن، هەڵکوتاتە سەر ماڵان، ترس و تۆقاندن، تیرۆر، تەقەکردن لە خۆپشاندەران، سیناریۆ دروستکردن و تۆمەت بەخشینەوە، گرتنی رۆژنامەنوس و بەرتەسکردنەوەی پانتایی ئازادی مۆرکی دیار و ڕوونی دەسەڵاتی کوردیە. تیرۆر و توندوتیژی سیاسی زۆرتر پەیوەندیان بە دەسەڵاتی کەسایەتیەکان و ئایدیۆلۆژی حیزب یان حکومەتەوە هەیە، دەسەڵات و ئایدیۆلۆژی تاک یان تاکڕەوی مەترسیدارترین توندوتیژی و زەبروزەنگ بەرهەم دێنێ.

یەک لە خەسڵەتە دیارەکانی فاشیزم دامەزراندنی دەزگای نهێنی و تایبەتی سەرکوتە، بۆ هەڵکوتانە سەر خەڵک و تیرۆر و بێسەروشوێنکردنی ئۆپۆزسیۆن و نەیارەکانی، و گرتن و ئەشکەنجەدان، و بڵاوکردنەوەی کەشوهەوای ترس و تۆقاندنە، یان بەکورتی بۆ ئەنجامدانی کاری قێزەوەن و دەرەوەی یاسا. گستاپۆ پۆلیسی نهێنی فەرمی ئەڵمانیا بوو لە سەردەمی نازیزم، ئەوە بەناوبانگترین و نهێنیترین دەزگای ئاسایشی ئەڵمانیا و تەنانەت دنیا بوو، کە بەرپرسیار بوو لە کوشتن و گرتن و وێرانکردن، و زیانی بە ژیانی ملیۆنان کەس گەیاند. سیناریۆی سوتاندنی رایشتاخ، و هۆلۆکۆست، دوو نموونەن لە کارە قێزەوەنەکانی ئەو دەزگایە. دەزگای ئۆڤرای ئیتالی هاوشێوەی گستاپۆ، پۆلیسی نهێنی ئیتالیا و مۆسۆلینی بوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خێرای هەر کاردانەوەیەکی خراپ و دوژمنکارانە بەرامبەر فاشیزم، و تێکەلی هەموو ژیانی ئیتالیەکان بوو. لەمرۆدا میتی تورکی لە کوشتنی چالاکوانانی شۆڕشگێڕ لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا هەمان ڕۆڵی گستاپۆ و ئۆڤرا دەگێڕێت. لای خۆشمان باس لە هەندێ دەزگای نهێنی، و دەرەوەی یاسا مایەی زیاتر ناشیرینکردنی ئەزمونی حوکمڕانییە لە کوردستان.

بە بروا و دیدگای فاشیستەکان سەرمایەداریی باشە، تا ئەوکاتەی کۆمپانیاکان خزمەت بە پێویستییەکانی سەرکردایەتیی فاشیست و خەڵک دەکەن. سەرمایەداریی وەڵامدەرەوەی سەرسامبونیانە بە (مانەوەی بەهێزترین). ئەو دەستەواژەیەی لەلایەن داروینیستی کۆمەڵایەتی هێربێرت سپێنسەرەوە داڕێژراوە. لەبەرامبەردا سۆسیالیستەکان وەسفی فاشیزم دەکەن، دیاردەیەکە لە دیاردەکانی شکست و داڕمانی سەرمایەداری، و ئامرازێکی دەستی سەرمایەداریە بۆ سەپاندنی ستەم و زۆرداری لە کاتی قەیران و تەنگژە ئابوریەکاندا، و وەلامدەرەوەی سیاسیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئالینگاریەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و نیولیبرالیزم. سەرمایەداری لە کاتی دیاریکراودا پەنا بۆ ئەو هەنگاوانە دەبات بۆ سەپاندنی بڕیاری پێوست و بەهێزکردنی هەژمونی کۆمپانیا زەبەلاحەکان. ئەو ڕەوتە فاشیستیە ئەورۆ دونیای سەرمایەداری گرتۆتەوە و مەترسیە لەسەر دیموکراسی. لە ژێر ئەفسانەی پڕوپوچی رەگەزی و ئایینی دەمارگیری توندڕەوی بڵاودەکەنەوە، پەنا بۆ کاری توندوتیژی و تێکدەرانە دەبەن. ئەوەی لە سەردەمی حوکمی ترامپ بینرا، ڕەوتێک بەرژەوەندی رەگەزی سپی پێستی دەکردە بنەما، و دەرگای لە پێش رەگەزپەرستی و دژایەتی کۆچبەران دەکردوە. هێرشکردنە سەر بینای کۆنگرێسی ئەمریکا و فشار دروستکردن، و لەرابردوش لە بەیەکداچوونی سپی پێست و رەشپێستەکان، و زیادبوونی گرژی ناو کۆمەڵگەی ئەمریکا نموونەن بۆ ئەو ڕەوتە لە فاشیزم کە لە پەرەسەندندایە.

سۆسیالیستەکان لە کاتی خۆیدا بۆ بەرەنگار بوونەوەی فاشیزم لە ئەوروپا داوای بەدیهێنانی پشتگیری جەماوەری، و بۆ قۆناغێکی گواستنەوە و دژایەتیکردنی فاشیزم، پێشنیازی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوویان کرد، دابەشبوون و پارچەبوونی سۆسیالیستەکان کاریگەری نەرێنی هەبوو. سۆسیالستەکان دەبوایە بەکردەوە سروشتی شۆڕشگێرانەی راستەقینەی خۆیان دەربخەن، بەتایبەتی لەو کاتەی گروپەکانی فاشیزم لە سەرەتاکاندا خەریکی سوتاندنی نوسینگەی رێکخراوە سۆسیالیستیەکان و سەندیکا و رۆژنامە کرێکارییەکان بوون. تاکە رێگایەک بۆ وەستاندنی ئەوە پێویستی بە هاوکاری فراوانی سۆسیالیستەکان و خەڵک دەکرد. ئەگەرچی لە ئیتالیا دەزگای دژی فاشیزم پکهێنرا بۆ بەرپەچدانەوەی فاشیستەکان، و بۆ کاری نمایشی سەر شەقامەکان، و بە دیهێنانی سۆز و مەیلی خەڵک، و سەندیکاکانیش پاڵپشتیان کرد. بەڵام ئەوەندە بەس نەبوو بۆ ئەوەی سنورێک بۆ فاشیزم دابنێ، فاشیزم دەرفەتی سەختی دۆخی سیاسی و ئابوریان قۆزتەوە، و پیرۆزکردنی دەوڵەت و کەسی کردە بنەمای فکری کە بنکەی مێژوویی فاشیزمی لەسەر بنیات نرا، و ڕەگی نەتەوەپەرستی بەسترایەوە بە دەوڵەتی کۆنی ڕۆمانی، و خەونی سیاسیەکانی ئیتالیا، و تەنانەت میکاڤیللی لە سەردەمی خۆی بیری بۆ گەڕاندنەوەی ئەو قۆناغە درەوشاوەیە لە مێژووی ئیتالیا کردبووەوە، کەنیسە بەناوی پارێزگاریکردن لە بەهاکانی خێزان دایە پاڵ فاشیزم، موسۆلینی، هیتلەر، فالانگیستەکان لە ئیسپانیا، بۆیان دەرکەوت کە پێویستە لەگەڵ کڵێسا هەڵ بکەن، نەک جێگۆڕکێی بە کەنیسە بکەن لە وڵاتەکانیان، تا ئەو کاتەی کەنیسە دژیان نییە.

سۆشیالیستەکان بۆ خەبات دژی فاشیزم هەوڵی پاراستن و بەهێزکردنی ئامراز و هۆکاری وەک رێکخراوەکان و رۆژنامە و گردبوونەوە، بەرەیەکی فراوانی شۆڕشگێڕان، و چەپەکان، و دیموکراسیخوازان، و خەڵکی بە پێویست دەزانی، هەر یەکە بەرنامە و دیدگای خۆی بپارێزێت و کاری هاوبەش دژی فاشیزم بەیەکەوە بکەن، کە فاشیزم مەترسی بوو لەسەر کاری سیاسی و سەندیکایی، و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە، و رێگر بوو لە بەرەوپێشچوون و گۆڕانی ئاشتیانەی ڕووداوەکان، و سەپاندنی دەسەڵاتێکی میللیتارێزە کراو بوو.

فاشیزم ئێستا تەمەنی سەدەیەکە، لەگەڵ بێنیتۆ موسۆلینی و هاوپەیمانەکانی لە ئیتاڵیا دەستپێکرد، سەرهەڵدان و بەهێزبوونی گروپ و رێکخراوە فاشستیەکانی ئەو سەردەمە تەکانێکی تری بەو ڕەوتەدا لە ئەوروپا، دواتر نازیەکان لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٣٣ دەسەڵاتیان گرتە دەست و بەهێز بوون، فاشیزم بووە مەترسی لەسەر چارەنوس و داهاتووی ئەوروپا و جیهان.

لە سەرەتادا شۆرشگێڕان و سۆسیال دیموکراتەکان ئەوەندە فاشیزمیان بە مەترسی و رێوشوێنی پێویستیان نەگرتەبەر، بەتایبەتی کاتێک ئەو ڕەوتە هێشتا لە رووی سیاسی و گروپی چەکداری و دەزگای نهێنیەوە لاواز بوو، بەڵام بەردەوام کاریگەری ئەو ڕەوتە لە زیادبووندا بوو، و گرفتە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی دوای شەڕی جیهانی، و دارمانە ئابوریە گەورەکەی ئەمریکا لە ساڵی □□□□ کە بۆرسە هەرەسی هێنا، و بە سێ شەمەی ڕەش ناونراوە، کاردانەوەی لەسەر وڵاتانی تر هەبوو، و دەرفەتی لە پێش گەشەی فاشیزم کردەوە. وەستانەوە بەرامبەر فاشیزم و دروستکردنی بەرەیەکی فراوان لە شۆڕشگێڕان و سۆسیال دیموکرات و خەڵک بۆ بەرەنگاربوونەوەی فاشیزم بووە پێویستیەک کە ناکرێ چیتر دوابخرێت. لیۆن ترۆتسکی یەکێ لە سەرکردەکانی شۆرشی ئۆکتۆبەر، لە ساڵی

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

١٩٣١ لە سەر ڕەوشی ئەڵمانیا زۆر بەوردی پێکهێنانی بەرە، و ئەرکەکانی شۆڕشگێڕان لەو قۆناغە دەخاتە ڕوو، و دەڵێت" پێویستە ڕاستەوخۆ بەرەیەک دژی فاشیزم دروستبکرێت، لە هەمانکاتدا ئەو بەرە هاوبەشە کە کرێکاران بە گشتی دەگرێتەوە، و لە بنچینەدا بۆ خەباتی ڕاستەوخۆیە دژی فاشیزم، لە خەبات دژی سۆسیال دیموکراتەکان وەک خەباتی لاوەکی سودی لێ وەرگیرێت، و نابێ لەو دوو بوارەدا هیچیان کاریگەری لە ئەوی تر کەمتر بێت. دەبێ بەکردەوە ئامادەیی تەواومان هەبێ بۆ خەبات دژی فاشیزم، و لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان یەک ئاراستەی هاوبەش پێکبهێنین، لە هەموو ئەو بارانەی ئەوان یەکێتی و کارکردن بەیەکەوەیان دەوێ، کە ململانێی واقیعی لەگەڵ فاشیزمە. گومانی تێدا نییە کرێکاری سەر بە سۆسیال دیموکراتەکان هەیە، سەرەرای ویستی ڕێکخراوەکانی سۆسیال دیموکرات تەنانەت دژی خواستی ئەوان، ئامادەی خەباتە لەگەڵ کرێکارانی شۆڕشگێر دژی فاشیزم. لێرەدا دروستکردنی پەیوەندی متمانەپێکراوی باش لەگەڵ چالاکوانی پێشکەوتووی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتەکان بەرورنی پێویستە. هاوپەیمانێتی بۆ هەڵبژاردن و سازشی پەرلەمانی نێوان سۆسیالیستە شۆڕشگێرەکان و سۆسیال دیموکراتەکانە (ریفۆرمیستەکان) وەک بنەما لە بەرژەوەندی ریفۆرمیستەکانە، لەکاتێکدا هاوپەیمانێتی کرداری بۆ بزوتنەوەی جەماوەری و بۆ خەبات هەمیشە بە قازانجی حیزبی شۆڕشگێر دەشکێتەوە و لە بەرژەوەندی ئەودایە ".

پرسەکە پەیوەست بوو بە داهاتووی وڵات و سۆشیالیزمەوە، پێکهێنانی بەرەیەکی فراوان کاری لە پێشینە بوو، بەرە یەکلاکەرەوە نەبوو، بەڵام توانا و هێزی دەبەخشی. سۆسیالیستەکان لەململانێ دژی فاشیزم هەوڵی بەهێزکردنی کەرەستە و ئامرازەکانی خەباتیان دەدا، هەر لەوکاتەدا گفتوگۆی لەسەر پەروەردە و راهێنان و چەکدارکردنی گروپە کرێکارییەکان دەکرا، بێ چەک هیچ هێزێک تەنانەت جەماوەرە هەرە ئازا و بوێرەکەش، نەیدەتوانی بەرەنگاری پەلامار و هێرشی چەکداری فاشیستەکان بێتەوە. لە بەرامبەر ئەوانە گروپە فاشیستیەکان هەوڵی تێکشکاندنی ڕێکخراوە کرێکاریەکانیان دەدا، خۆیان بەهێز دەکرد، و بێ هیواییان لەناو

**ئەزمونی مێژوویی دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی فاشیزم بەر لەوەی ببێت بە کردار، لەناو فکردا بناغەی بۆ داڕێژراوە، بەبێ پێشینەی تیۆری، هیچ فاشیستێکی ناو مۆدیلە سیاسییەکان چنگ ناکەوێت**

کرێکاران بڵاودەکردەوە. لە سەرەتا گرنگی بەو ڕەفتارانەی فاشیستەکان نەدرا، بەڵام بێ ئیرادەیی بۆ خەبات بڕوای چینی ناوەڕاستی بە سۆسیالیستەکان و چینی کرێکار نەهێشت، ئەو شیعارانەی لەو کاتە هەموو ڕۆژێ بڵاودەکرانەوە، (بەرەی یەکگرتوو بەربەستە بەرووی فاشیزم ..)، (بەرەی یەکگرتوو ڕێگە نادات ..)، (فاشیستەکان ئەو بوێریەیان نییە..)، ...هتد، ئەو دەستەواژانە نەیدەتوانی سنورێک بۆ زێدەڕۆیی فاشستەکان دابنێ، و تەنها سۆسیالیستەکان خۆیان هەلدەخەڵەتاند. بێ هەلوێستی و بەهەند وەرنەگرتنی لەسەرەتاوە ڕێگەی لەپێش فاشیزم کردەوە، کە دواتر بەرەیەکی فراوانی جیهانی بە زیانێکی زۆر، توانی زاڵ بێت بەسەر فاشیزمدا.

ئەزمونی مێژوویی دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی فاشیزم بەر لەوەی ببێت بە کردار، لەناو فکردا بناغەی بۆ داڕێژراوە، بەبێ پێشینەی تیۆری، هیچ فاشیستێکی ناو مۆدیلە سیاسییەکان چنگ ناکەوێت. لە کوردستاندا لە دوای کارەساتی شکستی ١٩٧٥، حیزبە سەرەکیەکان بەڕادەیەکی بەرچاو لەسەر بنەمای نابودکردنی یەکتر و پیرۆزکردنی سەرکردە یان بنەماڵە خۆیان زیندو کردەوە، خولێکی نوێی سیاسی و ململانێ کە درێژکراوەی رابردوو بوو دەستپێدەکاتەوە. بەیەکەوە هەڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی جیاوازیەکان کە ئەوڕۆش بەردەوامی هەیە، شوناسی رابردوو و قۆناغی ئێستایە، شەڕە خوێناویەکان، دیل کوشتن بێسەروشوێنکردن، تاڵانکردن، گرتن و تیرۆر گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن.

لە کوردستاندا لە لایەکەوە بەو پاشخانە سیاسیە مەترسی فاشیزم هەیە، کاتێک ئەوە هەر فکر و ئایدیۆلۆژیایەک نییە، بەڵکو هەلقولاوی مێژووی بزاڤی کوردایەتیە. لە لایەکی ترەوە تا ئێستاش ئەو سیستەمە حوکمرانیەی بەعس پێش ڕاپەرینی ١٩٩١ لە کوردستان هەبوو کە لە سەر بنەمای سەرکوت و دژە ئازادی و کۆنەپەرستی بینا کرابوو، بەشێوازی دەزگاو دامەزراوە

**فاشیزم لە سادەترین پێناسەیدا ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە، ئەفسانەی (نەژادی باڵا) و ناسیۆنالیزمی توندڕەو، دژایەتی نەژادەکانی تر دەکاتە توخمی سەرەکیی پێکهاتە و دروستبوونی خۆی، لەسەر پیرۆزکردنی سەرکردە یان حیزب بنیات نراوە، دژە دیموکراسیە و هەموو جیاوازییەکان ڕەتدەکاتەوە، ئەوانەی بەرامبەریان دەوەستنەوە بە سیخور و ناپاك تاوانباریان دەكات..**

و پەیرەو و نەریتی کۆمەڵایەتی درێژەی هەیە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین دەرەنجامەکانی ئەمەش بە کردەوە ڕەنگدانەوەی بەسەر خەڵک، و کاریگەری لەسەر چارەنوس و داهاتوو هەیە. چۆن شۆڕشگێڕان بەرەنگاری ئەو ڕەوتە و مەترسیەکانی دەبنەوە؟! ئایا شۆڕشگێڕان و سۆشیالیستەکان و نارەزایەتیەکانی شەقام و خۆپیشاندانەکانی خەڵک، دەتوانن ببنە بەرەیەکی فراوان دژی ئەو ڕەوتە؟!

چاوەڕوان دەکرا لەگەڵ چوونە پێشەوەی دۆخە جیهانیەکان کوردستانیش کەم و زۆر ئالوگۆڕی بەسەردا بێت، و دەستکەوتی خۆی لەو گۆرانکاریانە هەبێت، بەڵام ئەوە نەهاتە دی، ڕێگەی دیموکراسی و هەڵبژاردن بەرهەمی نەبوو، ئەو جۆرە دەسەڵاتانە دیموکراسییش ڕەتدەکەنەوە، و هەڵبژاردن ساختە دەکەن. لە دیموکراسییدا دەنگدەران دەتوانن بڕیار لە سیاسەتەکان بدەن، ئەم شێوازەی دەسەڵات دژ بە هەموو ئەو هەوڵانەیە. بۆیە نەزانی و نەفامیە ئەگەر گرەو لەسەر هەڵبژاردن و گۆرانکاری لەو ڕێگەیەوە بکرێت، بانگەشە بۆ ئەم مەبەستە پڕە لە چەواشەکاری و هەڵخەڵەتاندن، لە ناوخۆ فشار دروست کرا، و خۆپیشاندان و راپەرینی جەماوەری وەک ئەوەی لەسەرتاسەری دونیا هەیە تاقی کرایەوە، بۆ ئەوەی دەسەڵات ناچار و ملکەچی گۆڕانکاری بێت. ئەم بزوتنەوەی خەڵک لە نائامادەیی بە شکستخواردو کۆتایی هات، خەڵک بێ ئیرادە کرا، بەڵام پەند و ئەزمونیشی بۆ بزاوتەکانی داهاتوو بەجێهێشت. دەسەڵات لەم دۆخە ئاڵۆزە سود لە ناکۆکی سیاسی و پەرتەوازەیی نەیارەکان وەردەگرێت، و گروپە نهێنیەکانی کارە قێزەوەنەکانیان بە رووی دەنگە ئازا و بوێرەکان درێژە پێدەدەن. دەیانەوێ بەردەوامی بە دۆخە بنبەست و چەقبەستوەکەی بدەن.

بۆ بەرەنگاربوونەوە بەرەیەکی فراوان لە شۆڕشگێڕان وسۆشیالیستەکان و دیموکراتخوازان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەنگە نارازییەکانی

شەقام کارێکی هەنوکەیی و لەپێشینە و ئەخلاقیە بۆ ڕێگرتن و وەستانەوە دژی ئەم ڕەوتە. دەکرێ ناکۆکیەکان سڕ بکرێن خەباتی سەرەکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فاشیزم بێت، بەرنامەیەکی تۆکمە، لە رووی کرداری و بابەتیەوە روون و ئاشکرا بێ و بە ئاراستەی ئامانجەکە بێت، دوور بێ لە بانگەشەی بێ مانا، بە ئامادەیی و ڕێکخراو بوون، و ئاسۆ و ئەلتەرناتیڤێکی ڕۆشنەوە، لەگەڵ دیاریکردنی چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتێکی دوور لە خەڵک، ئەمە درز و وازهێنان لە ڕێزەکانی فاشیزم و پاشەکشە بەو ڕەوتە و سەرکەوتن مسۆگەر دەکا. ئەگەر پێش ١٩٢١ لە ئیتالیا دژی فاشیزم هەنگاو بنرایە؟ و لە ئەڵمانیا پێش ١٩٣٣ و سوتانی رایشتاخ بەربەست دروستکرابایە، ئەوەندە زیان بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی و دونیا نەدەگەیشت.

پاراستن و بەهێزکردنی کەرەستە، و ئامرازەکانی خەبات دژی فاشیزم لە ڕێکخراوە و ڕۆژنامە و سود وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، و راکێشانی چینی ناوەراست بۆ ناو ململانێیەکە، توانا بە بزوتنەوەکە دەبەخشێت. فاشیزم و گروپە فاشیستیەکان بەردەوام بێ هیوایی و بێ متمانەیی لەناو خەڵک بلاودەکەنەوە، نەرمی، و نەرێنی، و بێ هەلوێستی بەرامبەر دەقۆزنەوە.

ململانێ و خەبات دژی فاشیزم خەباتە بۆ دیموکراتیزەبوون، و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و ریفۆرم، لەمەدا نۆژەنکردنەوەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنگەری کاری گرنگ و پێویستە. لەگەڵ تێکۆشانی چڕی گۆرانکاری لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، و دەربازبوون لە بیری نەتەوەپەرستی سادە و خێلەکی و دەمارگیری، بەرەو دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی کە رۆژ بە رۆژ پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ. شۆرشی زانستی تەکنۆلۆژی ئەم ئاراستەیەی خێراتر کردوە، ئەمە دەرگا لەپێش ریفۆرم وەک قۆناغێکی جیاواز لە توندوتیژی و وێرانکردن دەکاتەوە. لە جیاتی شەڕی خوێناوی و سەرکوت و کاری تێکدەرانە، ریفۆرمی ریشەیی و هەنگاو هەنگاو دەبێتە بەرنامەی هێزە کۆمەڵایەتیە شۆرشگێرەکان، ئەمەش ناوەرۆکی شۆرشی دیموکراسیە، کە ئەوە بە فشار و جولانەوەیەکی گشتگیری کۆمەڵایەتی دێتە دی، و دەسەڵاتێکی یەک ڕەنگی دروست دەکات.

# لەدەسپێکی ساڵی پێنجەمیدا، بەشێك لە هاوكارانی بۆپێشەوە، بۆچوونی خۆیان لەسەر ڕۆڵ و جێگاو ڕێگای بۆپێشەوە، دەخەنە ڕوو...



**د. سەلاحی گەرمیان: بۆپێشەوە درێغی نەکردوە لە دەرخستن و ڕووماڵکردنی پرسە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بەکۆژانی جەماوەری بەرینی خەڵکی کوردستانەوە و خۆی لەبەرەی خەڵک ئەبینێتەوە بەرانبەر بەبەرەی دەسەڵات و دەسەڵاتخوازان...**

لەیادی پێنج ساڵەی دەستپێکردنی بۆ پێێشەوە بەبڵاوکردنەوە و دەستخۆشی گەرم لە ستافی بۆپێشەوە ئەکەم و ئەرک و ماندووبونیان بەرز ئەنرخێنم و هیوای سەرکەوتن و بەرەوپێشچوون بۆ بۆپێشەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئاوات و ئامانجەی لەپێناویدا لەهەوڵ و تەقەلادان.

بەم بۆنەیەوە بە پێویستی ئەزانم سەرنجێک بخەمەڕوو بە مەبەستی پەرەپێدان و گەشەکردنی بۆپێشەوە لەبواری ڕۆژنامەوانی پیشەیی و خزمەتگەیاندن بەزۆرینەی جەماوەری کوردستان، لەبری قەتیس مانەوە لەنێوان کۆمەڵێک چالاکوانی حیزبی یان ڕێژەیەکی دیاریکراو لە خوێندەواران و ڕۆشنبیراندا. لێرەدا ئەوەی بەگرنگی ئەزانم ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە؛ سەرەڕای ئەوەی بۆپێشەوە درێغی نەکردوە لە دەرخستن و ڕووماڵکردنی پرسە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بەکۆژانی جەماوەری بەرینی خەڵکی کوردستانەوە و خۆی لەبەرەی خەڵک ئەبینێتەوە بەرانبەر بەبەرەی دەسەڵات و دەسەڵاتخوازان، بەڵام نەیتوانییوە ببێتە سەکۆیەکی دیار و کاریگەر و خاوەن پێگەیەکی جەماوەری لەناو چین و توێژە بەشخوراوەکان و خەڵکی زەرەرمەند لە حکومڕانی دەسەڵاتی کلیپتۆکراتی جووت بنەماڵە.

هۆکاری سەرەکی ئەوەش ئەگەڕێنمەوە بۆئەوەی بۆپێشەوە نەیتوانیوە ببێتە ئەو سەکۆ بەرینە بۆ بیروڕای جیاواز و پێچەوانە، یان ببێتە ئامرازێک بۆ دەربڕین و گەیاندنی ڕاوبۆچوونی ڕەوتە سکیولار و دیموکراسیخوازەکان لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکاندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەوڵی نەداوە لە قاوغی دۆگمای ئایدۆلۆجی خۆی ڕزگار کات و ڕێی کرانەوە بەڕووی هەموو بیروبۆچوونی جیاواز بگرێتەبەر.

جارێکیتر دەستخۆشی بۆ ستافی بۆ پێشەوە و پیرۆزبایی ساڵی پێنجەمینی ئەم سەکۆیە ئەکەم و هیوای بەردەوامی و گەشەکردنی ئەخوازم....لەگەڵ ڕێزی

**د. سەلاحی گەرمیان**

**گۆران عەبدوڵا/ بەرپرسی ماڵپەڕی دەنگەکان: بۆپێشەوە بۆئەوەی جێگەیەکی باشتر بگرێت لای خوێنەر دەبێت بە دوای نەوتراوەکانەوە بێت...**



بۆ پێشەوە بە هەمان ستایڵی ڕۆژنامەکانی پێش خۆی دەردەچێت، لەکاتێکدا ئەوان لە شوێنێکدا وەستان. بۆ پێشەوە لەسەر ئەرک و ماندوبوونی تاکەکەسی دەردەچێت، ئەگەر بە دەزگایی نەبێتەوە ناتوانێت لەوەی هەیە زیاتربێت.

بۆپێشەوە بۆئەوەی جێگەیەکی باشتر بگرێت لای خوێنەر دەبێت بە دوای نەوتراوەکانەوەبێت. بەدوای ئەو هەواڵ و سەرگوزشتانەوەبێت کە میدیاکانی تر نایکەن بە هەواڵ.

بەهیوای بەردەوامیتان

**گۆران عەبدوڵڵا**



**لاوژە جەواد: بۆپێشەوە ئەو بڵاوكراوەیە کە هەوڵدەدات سیاسەت و ئاراستەی کۆمۆنیستی بباتە پێش و هیچ بەرژەوەندیەکی نییە جگە لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان. ..**

بۆئەوەی بڵاوكراوەی بۆپێشەوە هەڵبسەنگێنم پێم باشە باسێک لە بارودۆخی میدیا بکەم لە ئەمڕۆدا.

هەمیشە دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی سیستەماتیک هەوڵیانداوە، دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنیش شانبەشانی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بەکاربهێنن بەو ئاراستەیەی کە بەرژەوەندی خۆیان دەیخوازێت و لۆژیکی کۆمەڵگە بە شێوازێک لەقالب بدەن هەتا بڕیارە چەوتەکان عەقلانی و لە بەرژەوەندی گشتی نیشان بدەن، لە ڕێگای میدیاوە پاڵدەنێن سەرنج و تێگەیشتنی کۆمەڵگە لە ڕاستای سیاسەتی ئێستا و داهاتویان فۆرم دەدەن، تا ڕادەیەکی بەرچاویش تێیدا سەرکەوتوبوون.

بەدوای هێنانە کایەی سیستەمی بە خەسخەسە کردن (سک هەڵگوشین) و بەڕێوەبردنی سیاسەتی لیبرالیزمی نوێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بیندراو و بیستراو و نوسراو لە لایەن کۆمپانیا گەورەکانەوە قۆرخ کران، بەتایبەتی بیندراو کە دەبینین کەوتۆتە دەستی سەرمایەدارە زەبەلاحەکان و ئەو کەناڵ و لایەنانەی ئیمکانیان کەمترە کەوتونەتە ژێر دەست و پێوە.

لە کوردستان نمونەی زۆر بەرچاوی لەوجۆرە میدیایانەمان هەیە کە ڕۆژانە بە قازانجی سیاسەتی خۆیان و لەسەر حسابی داهاتی خەڵک چەواشەکاری لە کۆمەڵگە بڵاودەکەنەوە، بیریشمان نەچێت پۆپۆلیزمیش بەشی خۆی لەمناوە پچریوەو ڕۆڵی بەرچاو لە ئاستی جیهانی دەبینێت. لە هەمانکاتدا کۆمپانیا زەبەلاحەکان بەناوی سپۆنسۆڕەوە لە میدیای ئەمڕۆ لە بەرنامەکان سیاسەت و هەژمونی خۆیان بسەپێنن.

سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و دیجیتاڵیزم و سۆشیال میدیا توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر ئەو قۆرخکاریە میدیایە ڕووبەڕوی کێشە بکاتەوە و لاوازی بکات. بەڵام هێشتا قورسایی و هەژمونی میدیای پرۆفشیۆناڵ و پڕ تەکنۆلۆجی و دەوڵەمەند لە ئاراستەکردن عەقڵی گشتی نکۆڵی ناکرێت.

میدیای ئەلەکترۆنی و سۆشیال میدیا بژاردەیەکی ترە، هەرچەندە لەوانەیە لایەنی نێگەتیڤی هەبێت بەڵام دەکرێت بۆ لایەنی تر سودی لێببیندرێت.

بڵاوكراوەی بۆپێشەوە یەکێک لەو نمونە جوان و بەرجەستانەیە کە چەند ساڵێکە لەناو ئەم هەرا و هوریا میدیایە سەری دەرهێناوەو زۆر جەسورانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندی ماددی هاتۆتە دەرەوەو بە ئاراستەیەکی تر، لە بەرژەوندی خەباتی چینایەتی، بەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و نەداری کوردستاندا بە ئاراستەی پێشکەوتن و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگە وەستاوەتەوە بەرامبەر کۆنەپەرستی دینی و قەومی، بەرگریکاری سەرسەخت لە مافەکانی ژنان و منداڵان و چین و توێژە زوڵملێکراوەکان.

بۆپێشەوە ئەو بڵاوکراوەیە کە هەوڵدەدات سیاسەت و ئاراستەی کۆمۆنیستی بباتە پێش و هیچ بەرژەوەندیەکی نییە جگە لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان.

یەکێک لە سیاسەت و کارەجوانەکانی ئەم بڵاوکراوە هەمەڕەنگی و هێنانە پێشەوەی کەسایەتی جۆراو جۆرە لە چوارچێوەی ئەو خاڵانەی کە باسمکرد، من بە ڕوونی ئەوە دەبینم کە بۆپێشەوە بایەخ دەدات بەوەی کە نوسین و گفتوگۆکانی لە چوارچێوەی چەند کەس و حیزب یان سێکتێک قەتیس نەکات، جا مەیدانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، جەماوەری یان هونەرو ئەدەبی بێت. ئەمەش خاڵێکی پرشنگدار و هۆکارە بۆ کۆمەڵایەتی بوون و سەرکەوتن.

جێگەی خۆیەتی لێرەوە دەستخۆشی ماندونەبون بنێرم بۆ سەرنوسەر و دەستەی نوسەران و هاوکارانی کە ماندونەناسانە و خۆبەخشانە شەوڕۆژ دەخەنە سەریەک بۆ بردنە پێشەوەی ئەم بڵاوکراوەیە.

**سەردار عەبدوڵا هونەرمەندی کاریکاتێریست: بۆپێشەوە دەکرێت وەلاتربێت و لە هەوڵی وەڵامدانەوە بە کێشە و مەسایلەکانی دنیای ئەمڕۆ بێت بە میتۆدێکی سەردەمییانە**



بۆ نەوەیەک کە بۆپێشەوەی نەوەتەکانی دەبینی و ئێستا کە بۆ پێشەوە هاتۆتەوە مەیدان دەکرێت جێگەی دڵخۆشی بێت و ئاهێک بەدڵاندا بێنێتەوە. بەڵام بۆ بەڕێوەبەرانی ئێستای بۆپێشەوە دەکرێت وەلاتربێت و لە هەوڵی وەڵامدانەوە بە کێشە و مەسایلەکانی دنیای ئەمڕۆ بێت بە میتۆدێکی سەردەمییانە.. ئەوەی من دەیبینم لە ڕووی شێوازەوە بۆپێشەوەی کۆن و نوێ زۆر لەیەکەوە نزیکە، بەتایبەت شوازی مونتاژ و درووستکردنی تایتڵ و دانانی ماددەکان کە نەدەبوو وابێ چونکە ئەمڕۆ ئێمە کار لەسەر میدیای دیجیتاڵ دەکەین نەک کاغەز. باشتر بوو بەو شێوەیە چاپبکرێت و بەشێوەیەکی تر بۆ میدیای ئەلیکترۆنی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. باشترە بابەتەکان کورت وچڕبکرنەوە و کار لەسە چاوی بینەر بکرێت بەڕاستی بۆیە دەڵێم بینەر چونکە لە ڕۆژنامەی کاغەزدا ئێمە خوێنەرمان هەیە، بەڵام لە میدیای ئەلیکترۆنیدا خوێنەر و بینەریشمان هەیە. بینەرەکان زیاتر بەداوای شێوازدا دەگەڕێن بەڵام مەرج نییە خوێنەری باشبن. بەڵام شێوازی جوان و کاری ئێستاتیکی دەیانکاتە خوێنەر، کە بەڕاستی ئەم بەشە زۆرترینن لە خوێنەرە جدییەکان. بەڕای من ڕاست وتن و جواننووسین بەتەنیا بەس نییە، پێویستە میدیایەکی بەهێز و پۆرتاڵێکی بەهێزی ئەلیکترۆنیت هەبێت تا بینەرەکانی بەر شاشە بگۆڕیت بۆ خۆێنەرێکی باش.

**حەکیم میرزا/ شاعیر: بەڕاستی هەموو ئەو بابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە جێگای خۆیان کردۆتەوە لەدڵی هەموو خوێنەراندا...**



من هەمیشە وتومە و بەڕاشکاوانە باسم لە لاپەڕەی ئەدەب کردووە ئەو لاپەڕە جوانە هەرجارەی بابەتێکی ئەدەبی جوانمان دەخاتە بەرچاو و ڕاپێچمان دەکات بۆ ناو دونیا فراونەکەی هەموو بەشەکان بەتایبەتی بۆ دونیا جوانەکەی شیعر هیوادارم هەمیشە بەردەوامبن، و لەو لاپەڕە جوانە خوێنەران بێبەش نەکەن.

یەک دوونیا. دەستخۆشی لەهاوکارانم دەکەم هیوای بەردەوامیان بۆ دەخوازم

بەڕاستی هەموو ئەو بابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە جێگای خۆیان کردۆتەوە لەدڵی هەموو خوێنەراندا.

دووبارە پێزانینی زۆرم بۆئێوە

**جیهاد مەحەمەد/ نووسەر: ئێوەی بەڕێز و خەباتگێڕ لە ڕۆژنامەی بۆ پێشەوەدا شەو و ڕۆژ دەخەنە سەریەک لە پێناوی گۆڕانکاری و هۆشیاری و ئازادی و بڵاوکردنەوەی دەنگ و ڕەنگی کرێکاران و چینە هەژار و پەراوێزخراوەکان...**



هاوڕێیانی ئازیزم، سڵاوی خەباتی مەدەنیی و ڕۆژنامەوانیی و سۆسیالیستییتان لێبێت. ئەم سەردەم و ڕۆژگارەی ئەمڕۆ کە بەداخەوە دەنگ و ڕەنگی چەپخوازانە و یەکسانیخوازان و دادپەروەریخوازان تیایدا کز و پەراوێزخراوە، لە هەمانکاتدا دەنگ و ڕەنگی عەقڵێتە دواکەوتووەکان و

شۆڤێنیستیی و کوشتن و خوێنڕشتن لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئاسیاو وڵاتی خۆشمان کوردستان/عێراق هەتا بڵێی لە سایەیی حکوومەت و حوکمڕانەکانی وەکیل و پارێزەری بەرژەوەندی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی بەرزە. ئێوەی بەڕێز و خەباتگێڕ لە ڕۆژنامەی بۆ پێشەوەدا شەو و ڕۆژ دەخەنە سەریەک لە پێناوی گۆڕانکاری و هۆشیاری و ئازادی و بڵاوکردنەوەی دەنگ و ڕەنگی کرێکاران و چینە هەژار و پەراوێزخراوەکان، لە پێناوی یەکسانی و سڕینەوەی کێشەی جێندەر، لە پێناوی مافی منداڵان و گەورەساڵان، ئەم هەوڵە بەردەوامەی ئێوە ئەبێت جێگەی هەموو کەسێکی حەقخواز و چەپخوازێک بێت. هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆپێشەوە دەخوازم. هیوادارم کاروانی بۆپێشەوە هەمیشە لە پێشەوە بێت.

**فاتیح عەباس/ چالاکوان و نووسەر: بۆ پێشەوە ئەزمونێکی نوێیە لە کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری سیاسی سۆسیالیستی، لە چوارچێوە سیاسی و چینایەتیەکە بۆپێشەوە هەوڵێکە بۆ گواستنەوەی دیدگا، و تێروانین و بەهای سۆسیالیستی بۆ ناو بزوتنەوەی خۆرسکی چینی کرێکار...**



ڕاگەیاندنی سۆسیالیستی یەک لە پرسە هەرە گرنگ و سەرەکیەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیە، و چارەنوسساز، و داهاتووی ڕەوتەکەی پێوە بەستراوە، بەتایبەتی لە دەستپێک، و سەرەتای بیناکردن و خستنە ڕووی ناوەڕۆکی پرۆژە پێشکەوتوخوازیەکە. بەگشتی لە شۆڕشی فەرەنسیەوە تا ئێستا ڕاگەیاندن ئەو ڕۆڵە کاریگەرە دەبینێت، هەموو بزوتنەوە سیاسیەکان بۆ سەپاندنی هەژمون و بەهێزکردنی پێگە و ئاستی جەماوەریان پشتی پێدەبەستن .

ئەورۆ لە جیهاندا کێشەکان ئاڵۆز و بەیەکداچووە، و بزوتنەوەی سۆسیالیستی پارچە پارچە و دابەش بووە، لە دۆخێکی بەو شێوەیە لەناو ئەو گێژاوە کە ناوچەکەشی گرتۆتەوە، بۆ پێشەوە ئەزمونێکی نوێیە لە کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری سیاسی سۆسیالیستی، لە چوارچێوە سیاسی و چینایەتیەکە بۆپێشەوە هەوڵێکە بۆ گواستنەوەی دیدگا، و تێروانین و بەهای سۆسیالیستی بۆ ناو بزوتنەوەی خۆرسکی چینی کرێکار، و تواندنەوەی لەناو چالاکی شۆڕشگێڕیدا، کار بۆ ڕێکخستنی خەباتی فکری و سیاسی ڕێکخراو، و دیموکراسی و گەیشتنە سۆسیالیزم دەکات.

مێژووی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ڕوسیا و ئەزمونی چینی کرێکار، میراتێکی کەڵەکەبووە بۆ داڕشتنی ستراتیژ و تاکتیکی گونجاو، و لەکاتێکدا لە هیچ شوێنێکی دونیا مۆدێلی ئامادەکراو بوونی نیە، بۆ پێشەوە تا ڕادەیەکی باش کاری لە سەر بنەما و پرنسیپی فکری سۆسیالیستی کردوە تا سروشتی ململانێی چینایەتی و ڕۆڵی کرێکاران و پێشرەوە سیاسیەکەی دیار بکات، شوناس و ناسنامەو هێڵی جیاکراوەی پێ ببەخشێت، و کار بۆ ئازادی سیاسی و ئەلتەرناتیڤ بۆ سیستەمی حکومرانی ڕۆشن بکات، و چارەسەری کردەیی بەرەو پێش ببات.

بەڕای لینین ئەرکە سەرەکیەکانی ئایسکرا، شیکردنەوەی بزوتنەوە خۆرسکەکان، و تێگەیشتنە لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیران، و لێکۆلینەوە لەو شێوازانەی خەباتی کرێکاری بەخۆیەوە دەبینێ، ئەمەش بۆ بەدیهێنانی ئەرکە شۆڕشگێڕیەکە کە گەیاندنی بنەمای سۆسیالیستیە بە چینی کرێکار، لینین دەڵێت" دەبێ ئایسکرا تەنها کار لەسەر بزوتنەوەی خۆرسکی کرێکاران نەکات، بەڵکو لەسەر تۆێژینەوە تیوری دیاردە بەرجەستەکراوەکان بکات، دەبێ تیشک بخاتە سەر ڕاستیەکان، پروپاگەندە بۆ مەسەلە سیاسی و کاری ڕێکخراوەییش بگرێتە خۆ"؛ بۆ پێشەوەش دەبێ ئاراستیەکی سەربەخۆ و یەکانگیر و سنورداری بۆ هەموو بابەتەکان هەبێت، و نابێ تێکەڵەیەک بێت لە ڕای ناکۆک و دژ بەیەک، کار بۆ نزیک کردنەوە و یەکخستنی سۆسیالیستەکان بکات، نەک ڕەنگدانەوەی ڕایە جیاجیاکان بێت، سنورێکی جیاکراوە و ڕۆشنی هەڵوێستەکانی بخاتە ڕوو، و سۆسیالیستەکان کۆبکاتەوە، و دەرگاش بۆ دایەلۆگ بکاتەوە، یەکێتی فکر و تێروانینی ئایدیۆلۆژی بخوڵقێنێت، بەرەنگاری ئاراستەکانی تری بەناو سۆسیالیستی ببێتەوە، ئەمە بە مەبەستی نزیکبوونەوە و دانانی هێڵی جیاکراوە، ئایسکرا گۆرەپانێکی ململانێی فکری بوو دژی ئەو ئاراستانەی دەیانویست بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەلاڕێدا ببەن، وتارەکانی لینین لە ئایسکرا (بەچی دەستپێبکەین؟)، و (کار چییە؟) کە دواتر لە کتێبێکدا بڵاویکردەوە، خەبات بوو دژی ڕەوتی سەندیکالیزم، و ئیکۆنۆمیستی ناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی روسیا، و دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی ئەو بزوتنەوەیە شۆڕشگێڕیە، و دانانی هێڵی جیاکردنەوە و بەهێزکردنی ناسنامەی سۆسیالیستی ڕەوتەکە بوو، هەر وەکو پێش ئەوەش لینین ڕەوتی سۆسیالیستی لە پۆپۆلیزم جیاکردەوە .

بۆ پێشەوە دەبێ بابەتەکانی تەنها بۆ چینێکی دیاریکراو نەبێت، کار لە وردەبۆرژوازی شارەکان و پیشەیی و جوتیارانی لادێ بکات و ڕای گشتی دروست بکات، و سیاسەتێکی ڕاست و دروست لەناو جەماوەرێکی فراوان پەرەپێبدات، تەنها بڵاوکردنەوەی فکر و پەروەردەی سیاسی و بەدیهێنانی هاوپەیمانی سیاسی نییە، و تەنها هاندان نییە، بەڵکو ڕێکخەری بەکۆمەڵە. بۆرژوازی دوای هەژمونی بە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی، و بەدیهێنانی پشتگیری فکری و جەماوەری توانی کۆنترۆڵی دەسەڵات بکات، بۆیە ململانێ لەسەر دەسەڵات ململانێیەکی ئایدیۆلۆژیە و ڕاگەیاندن بەشێکە لەو ململانێیە ئایدیۆلۆژیە؛ بۆ پێشەوەش دەبێ بەو کارە هەڵسێت، هەر بە نمونە ئێمە ڕۆڵی ڕاگەیاندنمان زۆر بە ڕوونی لە شەڕی کەنداوی یەکەم بینی کاتێ ئەمریکا بڕیاری داگیرکردنی عێراقیدا .

کارکردن لەسەر ڕای گشتی وەک ئەوەی کەناڵە جیهانیەکان دەیکەن کە چەندان جار هەواڵێک بڵاودەکەنەوە و لە ڕێگەی ئەم دووبارە بوونەیەوە کار لە ڕای گشتی دەکەن، لای خۆشمـــان میدیای حزبی و بە نــاو سەربەخۆش کەمی نەکردووە لە بە لاڕێدابردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردســتان و بردنی بە ئاراستەی مانەوەی پایەکانی ئەم دەسەڵاتە، نەک بایەخدان بە کێشە ڕاستەقینەکانی خەڵک، بە نموونە لە کاتی هەڵمەتی سوپا فاشیستەکەی ئەردۆغاندا بۆ سەر باشور، ڕاگەیاندنەکان پەکەکەیان دەکردە بیانوو بۆ هێرشی تورکیا، ئەمەش بەشێک بوو لە چەواشەکاری، ئاشکرایە کە فاشیزمی دەوڵەتی تورکیــا ڕەگێکی ڕیشەداریی هەیە و مێژووی ئەم فاشیزمە بەرامبەر بە کورد و کەمایەتییەکانی تری ناو تورکیا لە مێژووی بوونی پەکەکە زیـــاترە.

ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت کە هیچی کەمتر نییە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، لەوانەیە پرۆژەیەکی ڕاگەیاندن ببێتە پارتێکی سیاسی وەک لە لای خۆمان کە چۆن (کەی ئێن ئێن) و (ئێن ئاڕ تی) لە کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی کە کاری لەسەر ختوکەدانی خەڵک دەکرد گۆڕا بۆ پرۆژەیەکی سیاسی، بێئەوەی هیچ بنەمایەکی فکری و ئایدیۆلۆژیان هەبێت، و لەکاتی ناڕەزایەتیەکاندا کاریان لە هەست و سۆزی خەڵک دەکرد و بازاڕی دەسەڵاتیان پێ گەرم کرد، و خەڵکەکەیان ڕادەستکردن. گومانی تێدا نییە ڕاگەیاندنێکی ڕاستگۆ و نزیک لە بەرژەوەندی خەڵک دەبێتە وەڵامدەرەوەی ویست و خواستەکانی خەڵک. بۆیە بۆ پێشەوە دەبێ بە کەناڵی تەلەفزیۆنی و سەنتەری لێکۆڵینەوە و گۆڤاری تیۆری و سۆسیال میدیا بەهێز بکرێت، و ڕەنگدانەوەی لەسەر خەڵک هەبێت، و بۆپێشەوە و بزوتنەوە سۆسیالیستیەکەی لە بزوتنەوەی ئەنتلیجینسیایەوە بکاتە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی.

بۆپێشەوە ڕۆژنامەیەکە توانای داهێنان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری هەیە، کە ئەوە کاری هێزێکی مێژووییە، کە پرۆژەی هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی بێ چینایەتی کردۆتە ئامانج، توێژێک لە ڕۆشنبیران و کەسانی ئەکادیمی و پسپۆری خزاندۆتە ناو ململانێی و کایەی سیاسی، بەردەوام بەرپەرچی کۆنەپەرستی و سەرکوت و دژە ئازادی و ئەفسانەی دەسەڵات دەدەنەوە، دژی وتاری پروپوچ و بێ مانای دەسەڵات وەستاون.

گرنگە کەسانی لێهاتوو و شارەزای تیۆری لە بۆپێشەوە ڕۆڵ ببینن و بواری ڕۆشنبیری و ئەخلاقی پەرەپێبدەن، کە ئەمە هاوتای هەژمونە لە بواری سیاسی و ئابوری، بۆ ئەوەی چینی کرێکار دونیابینی خۆی هەبێت، دەبێ بۆپێشەوە کار لەسەر بابەتەکانی بزوتنەوەی سەندیکایی بکات، هێز و گڕوتینی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بە هەردوو هێڵی سەندیکایی و سیاسی پێویستە، لە تێکەڵاوبوون و گرێدانەوەی ئەو دوو هێڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. کاری سەندیکایی کە ئاڕاستەی ژیانی کار کراوە، بۆ برەودانە بە مافەکانی کرێکاران و کاری سیاسی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی هاووڵاتیانە .

جیهانگیری و شۆڕشی زانیاری و تۆڕەکانی گەیاندن سنوورەکانیان بەرەو کاڵبوونەوە بردووە، مەسەلەی نەتەوەیی و جیهانییەکانیان بەیەکەوە گرێداوە، وڵاتانی جیهانیان، بە کوردستانیشەوە، کردووەتە بەشێکی سروشتی و تێکەڵبوو بە پێکەوەژیانی ئینتەرناسیۆنالی، بەڵام ئەوەی ئەم سەردەمە لە سەرمایەداری جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە لە پرۆسەی وەبەرهێناندا، نەک تەنها کرێکار، بەڵکو تەواوی مرۆڤایەتی بەرەو نامۆیی دەڕوات و پانتایی بەکرێکاربوون هەموو توێژەکانی گرتووەتەوە، جیاوازیی چینایەتییەکان فراوانتر بوون، هەژاری و نەداری و ئاوارەبوون و پەراوێزخستن زیدە بوون. بۆپێشەوە دەبێ کار لەسەر شیکردنەوەی قەیران و تەنگژەکانی سەرمایەداری و نیولیبرالیزم و سەرهەڵدان و بەیەکدانانەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایانە بکات، و ئەو هێزە نوێیانەی سەریان هەڵداوە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوچەکە بە کوردستانیشەوە هەیە.

**عەلی مەحمود/ چالاکوانی سیاسی: بۆپێشەوە دەنگێکە بۆ ژیانێکی جیا, بیرکردنەوەیەکی مرۆڤانەی جیا لە هەیمەنەی کۆنەپەرستی و پۆپۆلیزمی ڕاستگەرا, گرنگە زیاتر شۆڕبێتەوە ناو کۆمەڵگا و ببێتە مینبەری پێشکەوتنخوازان و ئازادیخوازان و یەکسانیخوازان...**



لە سەردەمێک کۆنەپەرستی فەزای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی داگرتووە, بۆپێشەوە دەنگێکە بۆ ژیانێکی جیا, بیرکردنەوەیەکی مرۆڤانەی جیا لە هەیمەنەی کۆنەپەرستی و پۆپۆلیزمی ڕاستگەرا, گرنگە زیاتر شۆڕبێتەوە ناو کۆمەڵگا و ببێتە مینبەری پێشکەوتنخوازان و ئازادیخوازان و یەکسانیخوازان. دیارە شەڕ لەگەڵ تاریکی شەڕێکی سەختەو پشو درێژی و بەردەوامی و بیری ڕۆشنی دەوێت .. هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازم.

**هیدایەت مەلا عەلی/ نووسەر: ڕۆڵ و گرنگی هەر بڵاکراوەیەک کاتێک ماناپەیدا دەکات چ پرسیار و هوشیاریەکی بەخوێنەرانی بەخشیووە ...**



لەڕاستیدا من هاوڕانیم لەگەڵ ئەوەی لە ساڵڕۆژی بڵاوکراوەی بۆپێشەوەدا ڕاوبۆچوونی نوسەرانی یان هاوڕێیانی نزیک لە بڵاوکراوە و نزیک لەهێڵی سیاسی بڵاوکراوەکەدا بکەن، من پێشنیار دەکەم تەنها ڕاوبۆچوونی کەسانێک وەربگرن لەناوەندە جیاوازەکاندا بۆپێشەوە دەخوێننەوە بۆ نمونە ناوەندە کرێکاری و خزمەتگوزاریەکان، کاسبکاران و فەرمانبەران، خوێندکاران و دەستفرۆشان و چین و توویژەکانی تر، دەکرێت بۆچوون و پێشنیاری نوسەران یان هاوڕێیانێکی نزیک لە بڵاوکراوەکە بۆ زانیاری دەستەی نووسەران بێت نەک بۆ بڵاوکردنەوە لەهەر کاتێکدا نەک تەنها ساڵڕۆژی بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، ڕۆڵ و گرنگی هەر بڵاکراوەیەک کاتێک ماناپەیدا دەکات چ پرسیار و هوشیاریەکی بەخوێنەرانی بەخشیووە نەک نوسەرانی، هیوادارم پێشنیارەکەم. وەک دڵسۆزیەکی هاوڕێیانە وەربگرن...



# وەستا جەلال: لەڕۆژی ئاوارەبونەوە تاکو ئێستاکە، ڕێژەی هەژاری، بێکاری، نەبونی خزمەتگوزاری، برسیەتی و گرانی لە زیاد بوندایە

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز وەستا جەلال ئەندامی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق؛ سەبارەت بە کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ی کوردستان و گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس.

**بۆپێشەوە: ئاوارەیی و کۆڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان لەساڵی ١٩٩١دا، یەکێک لە کارەساتەکانی ترە کە بەسەر خەڵکی کوردستان هات، هۆکاری ئەم کۆڕەوە ملیۆنییە چی بوو؟**

**وەستا جەلال:** تاکو ئێستا خەڵکی هەرێمی کوردستانی باشور، لەسەر کێشەی نەتەوایەتی و بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی، لەلایەن ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی عێراقەوە، چەندین جار بەشێوەی جۆراوجۆر توشی ئاوارەیی و کۆڕەو بونەتەوە. بەڵام ئاوارە بون و کۆڕەوی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەو شێوەیە کە نەتەوەیەک بە ژن و پیاو گەورەو بچوک لە ترسی هێزی سەرکوتگەری حکومەت، شار و شارۆچکەکان چۆڵ بکەن و لەجیاتی ژیان، مردن هەڵبژێرن وێنەی کەم بووە.

دیارە هۆکاری سەرەکی ئاوارە بون و کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١، دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی دڕندەیی دیکتاتۆری ڕژێمی حیزبی بەعس، دژ بە ئازادی و سەربەخۆیی خەڵکی عێراق و کوردستان. بە پشتیوانی هێزەکانی هاوپەیمانی بە سەرپەرشتی ئەمریکا.

کاتێک ڕژێمی حیزبی بەعس هەست بەوە دەکات، بەهۆی ڕاپەڕینی جەماوەری مەرگی لەناوچونی نزیک بۆتەوە، دەبینێت زۆربەی شار و شارۆچکەکانی عێراق و کوردستان کەوتونەتە ژێر کۆنترۆڵی جەماوەری ڕاپەڕیو، بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا، هێزێکی زۆری لە سەرباز بە چەکی قورس و هێزی ئاسمانی هێرش دەکاتە سەر ئەو شارو شارۆچکانەی کە لەژێر دەستی جەماوەری ڕاپەڕیودا بون.

دیارە هێزە ناسیۆنالیستە کوردیەکان (بەرەی کوردستانی) بەهۆی شارەزاییان لە شەڕو پەیوەندیان بە ڕژێمی بەعس و هێزەکانی ئەمریکاوە، دەزانن ڕژێمی بەعس بەتەمای هێرشێکی سەربازی گەورەیە بۆ گرتنەوەی شارەکان. یەکێتی و پارتی چەند ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی هێرشی سەربازی حکومەتی عێراق، هێزەکانی خۆیان لەگەڵ بەشێکی زۆر لە بنەماڵەو سەرکردەکانیان کۆدەکەنەوە بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیا ڕەوانە دەکەن، بەبێ هەستکردن بە هیچ بەرپرسیاریتی و ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت، خەڵکی هەرێمی کوردستان لە هەلومەرجێکی ترسناک بەجێدەهێڵن.

> **کرێکار و خەڵکی هەرێمی کوردستان تەنها لە ڕێگای ئاگایی وشیاریی چینایەتیەوە، یەکگرتن، ڕێکخراوبون و پشت بەستن بە هێزو توانایی خۆیان دەتوانن ماف و داخوازیەکانی خۆیان بەدەست بهێنن ...**

خەڵکی هەرێمی کوردستانیش لە ترسی دڕندەیی هێزەکانی ڕژێمی بەعس و نا ئومێدی بە حیزبە کوردیەکان و هێزەکانی ئەمریکا، بڕیاری ئاوارەیی و کۆڕەوی دەدەن، شار و شارۆچکەکان چۆڵ دەکەن،

بەڵام هەر ئەو ڕۆژە هەندێک لەخەڵکی ئازادیخواز و شۆڕشگێر، لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی بەجێماوەی حیزبەکان و چەکدارانی بزوتنەوەی شورایی، لە دەروازەکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی تاکو ئێوارە دەمێننەوەو لەبەرامبەر هێزەکانی ڕژێمی بەعس ڕادەوەستنەوەو دەست بە شەڕی چەکداری دەکەن.

**بۆپێشەوە: مانگێک دوای ڕاپەڕین و خرۆشانی خەڵکی کوردستان و وەدەرنانی هێزو دەزگاکانی ڕژێمی بەعسی، چ خەڵکی کوردستان چ حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی نەیانتوانی لەبەرامبەر بە گەڕانەوەی سوپای تێکشکاو قەسابی کراوی بەعس بەرگری لەخۆیان بکەن، بە بۆچوونی ئێوە، بۆ خەڵکی کوردستان و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەرگرییان نەکرد؟**

**وەستا جەلال:** ئەوە ڕاستیەکە کە هێزە ناسیۆنالیست و مەزهەبیەکانی عێراق و کوردستان، هەروەها بەشێکی زۆرلە خەڵکی هەرێمی کوردستانیش، پاش ڕزگارکردن و پاککردنەوەی شارەکان لەژێر دەستی هێزەکانی ڕژێمی بەعس. هەموو ئومێد و ئامانجێکی خۆیان گرێدابۆوە بە سیاسەتی ئەمریکا. پێیانوابوو ئەمریکا پشتوانی لە ئازادی و سەربەخۆیی، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان دەکات. پێیانوابوو ئەمریکا پێش لەهەموو هەڕەشە و هێرشێکی ڕژێمی بەعس بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەگرێت، بۆیە خەڵکی کوردستان بەگشتی و حیزبەکان بەتایبەتی پشتیان بە هێزەکانی ئەمریکا بەستبوو.

بەلام کاتێک کە حیزبە ناسیۆنالیستەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستانیش بینیان، ئەمریکا و ڕژێمی بەعس بەیەکەوە ڕێککەوتون، ئەمریکا ڕێگا بە هێزەکانی ڕژێمی بەعس دەدات، بە چەکی قورس و فڕۆکەکانیەوە هێرش بکاتە سەر شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.

کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانیش بەهۆی نەبونی یەکگرتوویی، یەکرێزی. ڕێکخراوبوون و پشتبەستن بە ئیرادەو تواناییەکانی خۆیان، هەروەها بەهۆی نەبوونی پشتیوانیەکی بەهێزی نێودەوڵەتیەوە. لەجیاتی بەرەنگاری و مانەوە لە شارەکان، بڕیاری کۆڕەو دەدەن.

**بۆپێشەوە: ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوانی شوراکان و بزوتنەوەی شورایی، لە بەرامبەر بە گەڕانەوەی بەعسدا، بەرگریان کرد، تا چەندە لاتان وایە ئەو بەرەنگارییە دروست بوو، لە کاتێکدا هێزی شوراکان و دەوڵەت زۆر نابەرابەر بوو؟**

**وەستا جەلال:** بەرگری لە ئازادی، بەرابەری، سەربەخۆیی و یەکسانی هەمیشە زەروری و پێویستە، بزوتنەوەی شورایی بەرگری لەو ئازادی، بەرابەری و سەربەخۆییە دەکرد کە چەندین ساڵ بوو کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هەوڵیان بۆ دەدا.

دیارە بەرگریکردن بەتایبەتی بەرگریکردنی چەکداری، لە هەلومەرجێکی سیاسی ئاڵۆز و نارۆشندا، بەتایبەتی شەڕی کەنداو کە شەڕێکی سیاسی ئابوری جیهانی بوو، پێویستی بە زانیاری، توانایی و شارەزایی زۆر هەبوو. هەڵسوڕاوانی شورایی سەرەڕای ئەوەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە شەڕی پارتیزانی و شەڕی مەیدانی نەبوو. لە ڕوی سیاسیشەوە خوێندنەوەیەکی وردو ڕۆشنیان بۆ هەلومەرجی سیاسی پاش شەڕی کەنداو بۆ ناوچەکە و بەتایبەتی بۆ داهاتوی عێراق و کوردستان نەبوو، نەیاندەزانی پاش شەڕی کەنداو سیاسەتی داهاتوی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق بەتایبەتی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس چۆن دەبێت. نەیاندەزانی ئایا ئەمریکا ڕژێمی بەعس دەروخێنێت یان دەیهێڵێتەوە؟ ئەمریکا ڕێگا بە عێراق دەدات بگەڕێتەوە کوردستان یان نا؟ ئایاخەڵکی هەرێمی کوردستان دەتوانن پشت بە هێزی خۆیان ببەستن و ڕێگا بە هێزەکانی بەعس نەدەن بگەڕێتەوە کوردستان؟

زۆرێک لە هەڵسوڕاوانی شوراکان پێیانوابوو ڕژێمی بەعس کۆتایی پێهاتوە و جارێکیتر ناتوانێت شارەکانی کوردستان داگیر بکاتەوە. بەشێک پێیان وابوو حیزبە ناسیۆنالیستەکان بەرگری لە شارەکان دەکەن، و ڕێگا بە ڕژێمی بەعس نادەن شارەکانی کوردستان داگیر بکاتەوە.

بەو هەموو نارۆشنی و بێ تەجروبەییەی کە شوراکان هەیان بوو، نەدەبوو بڕیاری شەڕی مەیدانی بدرێت. باشتر وابوو خۆیان

> **بەو هەموو نارۆشنی و بێ تەجروبەییەی کە شوراکان هەیان بوو، نەدەبوو بڕیاری شەڕی مەیدانی بدرێت...**

لەشەری مەیدانی بپاراستایە، بۆ پاراستنی سەلامەتی گیانی خەڵک و هەڵسوڕاوانی شوراکانیش بەشێوەی شەڕی پارتیزانی، پێش ئەوەی ڕوبەڕوی شەڕی مەیدانی ببنەوە، خۆیان لە دەستی هێزەکانی ڕژیمی بەعس ڕزگار بکردایە. بۆئەوەی توشی ئەو خەسارەتە گەورەیە نەبونایە.

**بۆپێشەوە: ئاوارەیی خەڵکی کوردستان، بە جیا لەوەی کارەساتیکی دڵتەزێن بوو، بەڵام هەڵگری دەرس و ئەزمونی تایبەتە، گرنگترین دەرسەکانی ئاوارەیی کامانەن؟**

**وەستا جەلال:** دەرس و تەجروبەکانی ئاوارەبوونی خەڵکی کوردستان، سەرەڕای بەدبەختی و قوربانی زۆری مرۆیی، هیچ

# یوسف عوسمان: کۆچڕەو ئەنجامی هۆی ڕاپەڕینێکی زەمینە بۆ سازنەکراو و لەناکاو بوو

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز یوسف عوسمان عەزیز ڕەخنەگری سیاسی سەبارەت بە کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ی کوردستان و گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس.



**بۆپێشەوە: دوای ٣٠ ساڵ بەسەر ئاوارەیی خەڵکی کوردستان، چۆن دەڕواننە ئەو کارەساتە سیاسی و ئینسانییە؟**

**یوسف عوسمان:** ئاوارە بوون و جێهێشتنی نیشتیمان و پەنابردنە بەر بەشێکی تری داگیرکراوی نیشتیمان. بەشێکە لەبێ سەر و بەری و بێ متمانەیی و نەخوێندنەوەی ڕووداوە پێش وەختەکان.

کۆچڕەو ئەنجامی هۆی ڕاپەڕینێکی زەمینە بۆ سازنەکراو و لەناکاو بوو، ئەویش بەهۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی خەڵکی باشوور بوو، لەئەنجامی تێکشکانی سوپای عێراق بوو لەکوێت، و دەرکردن و لەدەستدانی دیسپلینی عەسکەری سوپای عێراق بوو. ئاورینگی کڵپەی هەموو ئەوانەش سەرەڕۆیی ئەو سەربازە عێراقیە بوو کەلوولەی تۆپەکەی ئاڕاستەی ڕەسمە جیداریە گەورەکەی صەدام حوسێن کرد لەشاری بەسرا، و تۆپێکی پێوەناو و ڕاپەڕینێکی بێسەر و بەری لێ دروست بوو.

**بۆپێشەوە: هەندێک کەس هۆکاری ئاوارەیی خەڵکی کوردستان دەگێڕنەوە بۆ هەڵکردنی گڵۆپی سەوز لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە بۆ ڕژێمی بەعس، ئەمە چەندە هۆکاری هێرشی ڕژێمی بەعس بوو، بۆ سەر کوردستان؟**

**یوسف عوسمان:** ئەوەدەم لە کەڵلە ڕەقی و عینادی صەدام حوسێن وای کرد سی دەوڵەت زیاتر بەسەرکردایەتی ئەمەریکا و بەریتانیا بەشێکی دەوڵەتە عەرەبیەکانیش دوای نزیکەی چەند مانگێک لەڕاوێژی سیاسی و عەسکەری توانیان چۆک بە نەتەوە یەکگرتووەکان دابدەن، و بە چەند بڕیارێکی نێودەوڵەتی دەربکەن، و ڕەوایی بدەنە هێرش کردنە سەر سوپای عێراق و لە کوێتی وەدەر بنێن. دوای ئەوەی کۆمکاری نەتەوە عەرەبیەکان و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵێک کەسایەتی دونیایێ و عارەبی ئامۆژگاری و ئاکامی ئەو هەڵەیەیان لە صەدام گەیاند، بەڵام بێ سوود بوو. بۆیە پێم وایە لەو ژاوە ژاوەی ئەوەدەمی هیچ شتێکی ئاوا لەئارادا نەبوو بۆ ناوەخۆی عێراق، تەنیا وەدەرنانی سوپای عێراقیان مەبەست بوو لە کوێت لە سەرەتادا، دواتر پەڵپی چەکی کۆمەڵکوژیشیان پێ کرد و تالەکۆتا دوای دوانزە ساڵ حکومەتی بەعسیان ڕووخاند. هەر خودی هێرشەکانی سوپای عێراق بوو بۆ سەر باشووری عێراق و کوردستان و بیپلانی خۆڕاگرتنی کورد و هێزی پێشمەرگە و بێسەر و بەری خەڵک بوو لەپاراستنی شارەکان و شرەخۆری و تاڵان و بڕۆ بوو. بەتایبەت لەکۆنترۆڵ کردنی شاری کەرکوک نەمان توانی سەرکەوتنی تەواوی لێ بەدەست بێنن و هەر هەفتەیەک تا دە ڕۆژ توانیمان تێیدا بمێنینەوە.

**بۆپێشەوە: لەناو جەرگەی ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعس، چۆن دەڕواننە هەڵوێستی ئەو حزبانە؟**

> **گەورەترین شەرمەزاری سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەت" جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی" هەر دەستپێکردنی گفتوگۆ نەبوو لەگەڵ ڕژێمی بەعس، بەڵکوو ئەو دەست لەملانێیە و ماچ و مووچی سەرکردە و نێردەی کوردەکان بوو لەگەڵ سەدام کەهەمووی مانگێکی تێنە پەڕاندبوو لە قوربانی خەڵك و جێهێشتنی سەر و ماڵی خەڵك، وەك ئەوەی نەبایان بینێ بێ نە باران...**

**یوسف عوسمان:** گەورەترین شەرمەزاری سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەت" جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی" هەر دەستپێکردنی گفتوگۆ نەبوو لەگەڵ ڕژێمی بەعس، دوای شەڕی دەربەندی کۆڕێ و تێکشکانی هێرشی تانکەکانی سوپای بەعس. بەڵکوو ئەو دەست لەملانێیە و ماچ و مووچی سەرکردە و نێردەی کوردەکان بوو لەگەڵ سەدام کەهەمووی مانگێکی تێنە پەڕاندبوو لە قوربانی خەڵک و جێهێشتنی سەر و ماڵی خەڵک. وەک ئەوەی نەبایان بینێ بێ نە باران. بەگشتی ئەوەدەم لەبێ سەرو بەری و شاگەشکە بوونی و بێهەڵوێستی ئەو سەرکردانە بوو ساڵانێک بوو نەگەڕابوونەوە شارەکان نەک لەبەر هێزی صەدام و سوپاکەی.

**بۆپێشەوە: دوای ٣٠ ساڵ بەسەر ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا، تا چەند لاتان وایە، زەمینە و هەڕەشەی دوبارە ئاوارەبوونەوەی خەڵکی کوردستان لە ئارادایە؟**

**یوسف عوسمان:** ئاوارە بوون و بێ ئیرادەیی و بێ وورەیی لەدوای ئەو کۆچڕەوە پڕ شەرمەزارییە ملیۆنی خەڵک لەدوای ١٩٩١/٣/٢٩ هەر بەردەوام بوو، بەردەوایش دەبێت. بۆنموونە جێهێشتنی هەولێر و سلێمانی و ئاوارە بوونی خەڵک لە ٣١ ی ئاب و چۆڵکردن و جێهێشتنی هەزاران ژنی کورد لەشەنگال، و دواتریشیان کە هەرە دواییان نابێت، جێهێشتنی شاری کەرکوک بوو لە ١٦ ی ئۆکتۆبەر.

**بۆپێشەوە: ئەگەر بیرەوەریەکتان هەیە لەگەڵ ئاوارەیی ساڵی ١٩٩١ خەڵکی کوردستاندا بفەرموون؟**

**یوسف عوسمان:** من وەک شایەدحاڵێکی ئازادکردن و جێهێشتنی کەرکوک لە تیمە تەندروستیەکانی جەنگ، بەچاوی خۆم ئەو هەموو قوربانیەم بینی لە شەهید و بریندار. هیچی نەبووە هۆکارێک بۆ یەکخستنەوەی هێزە ناکۆکەکانی زووی گۆڕەپانی کوردستان، بەڵکو ئەو پەرت بوونە لەو ٣٠ ساڵە ڕۆچۆوە ناو هەموو تاکێکی کورد و بەتەواوی شار و خەڵکیشی لەتکرد. ڕاپەڕین و دەرپەڕین هیچ سوودێکی لێ وەرنەگیرا، جگە لەسوود گەیاندن بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تری وەک ئێران و تورکیا و وڵاتە بیانیەکان، و هەژار بوونی خەڵک و لەبەرچاوکەوتنی نیشتیمان و گەیشتنە ڕادەی ئەوە کەخەڵک نەفرەت لەڕاپەڕین بکات.

* ٢٠٢١/٣/٢٧

دەستکەوتێکی بۆ خەڵک نەبوو، ئاوارەبون کاریگەری سیاسی لەسەر بیروبۆچونی خەڵکی کوردستان بۆ ماوەیەکی کەم هەبوو، خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئەمریکاو حیزبە ناسیۆنالیست و مەزهەبیە کوردییەکان بێئومێد ببون، بەڵام ئەو نائومێدی و باوەڕنەکردنە لەبەر ئەوەی لە ڕێگای ئاگایی و وشیاریەوە نەبوو. ئەم جۆرە لە نائومێدی بونەش مرۆڤ زیاتر توشی بێزاری و بێ باوەڕی بە خۆیی و بە خەبات و تێکۆشانی بەرامبەرەکەشی دەکات.

دیارە ئاوارەبونی خەڵکی کوردستان خێر و بەرەکەتی سیاسی و ئابوری زۆری بۆ حیزب و گروپە ناسیۆنالیست و مەزهەبیەکان هەبوو. ئێستا دەبینن ئەو حیزبانە بەهۆی ئاوارە بونی خەڵکی کوردستان و شەڕی ناوەخۆ، بەناوی کوردایەتی بونەتە خاوەنی دەسەڵات و سەروەت و سامانی خەیاڵی، هەریەک لە بنەماڵەو بەرپرسانی باڵای ئەو حیزبانە بونەتە خاوەنی دەیان ملیۆن دۆلار.

بەڵام ئەگەر ژیان و گوزەرانی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بەراورد بە حیزبە دەسەڵاتدارەکان بکەین دەبینین جیاوازیەکی یەکجار زۆر هەیە. لەڕۆژی ئاوارەبونەوە تاکو ئێستاکە، ڕێژەی هەژاری، بێکاری، نەبونی خزمەتگوزاری، برسیەتی و گرانی لە زیاد بوندایە. سەرکوتی سیاسی و پێشگرتن لە ئازادی و سەربەخۆییەکان، تیرۆر و کوشتن و ڕاونانی ڕۆژنامەنوس و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی. بەگشتی خەڵکی هەرێمی کوردستان نەیان توانی وەکو حیزبە ناسیۆنالیستەکان کەڵک لە دەرس و تەجروبەکانی ڕاپەڕین وەربگرن.

**بۆپێشەوە: بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان، لە مۆتەکەی کارەساتی وەکو جینۆسایدو ئاوارەیی...بەیەکجاری ڕزگاریی ببێت، چ ئەرکێک دەکەوێتە سەرشانیان؟**

**وەستا جەلال:** کرێکار و خەڵکی هەرێمی کوردستان تەنها لە ڕێگای ئاگایی وشیاریی چینایەتیەوە، یەکگرتن، ڕێکخراوبون و پشت بەستن بە هێزو توانایی خۆیان دەتوانن ماف و داخوازیەکانی خۆیان بەدەست بهێنن. تەجروبەکان پێمان دەڵین، ڕزگار بوونی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان لەو کارەساتانەی کە بەدەستی مرۆڤ دەخولقێندرێت، وەکو ئاوارەیی، شەڕ، کوشتن، هەژاری و برسیەتی، کە پەیوەندیان بە کارەساتی سروشتیەوە نییە. تەنها لە ڕێگای گەیشتن بە وشیاری ئاگایی، زانایی، توانایی، یەکگرتن، ڕێکخستن دەتوانرێت کۆتایی پێ بهێندرێت.

## درێژەی... تەوزیفکردنی "تەنز" بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی کۆمەڵگە

پارت" دەڵێ: نوسەری ڕاستەقینە حەوسەڵەی ئەم ژانرەی نەبێ ئەوا مردنی حەقیقی نوسەر دەگەیەنێ.

تەنزی شیعری شێرکۆ عەبدوڵا بەنموونە

لە ستایشی " عەلی کیمیاییدا"

د،شێرکۆ لەم تەنزە شیعرەیدا، بەجدی ڕەخنەی توند دەگرێ، لە سیسمی حوکمڕانی کوردی و دەیخاتەبەردەم لێپێچینەوەیەکی عەقڵانی، هەرچی جومگەکانی حوکمەت هەیە لەدادوەری و پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی وئابوریەکانە بەدیدیکی ڕەخنەگرانەوە لێیان دەڕوانێ و لەڕێگای ژانەری تەنزە شیعرەکانیەوە موخاتەبەی بەرپرسانی حوکمەتی هەرێم و حزبەکانی پێ دەکا. بەوردی توانیویەتی پەنجە بخاتە سەر ئەو کێشمەکێش و ململانێ سیاسی و ئابوریەی نێوان هەرێم و بەغداد بەرپرسانی کوردی لێ بەئاگا بهێنێ، کاتێک دەڵێت:

ئەی برسێتیی شان ئارداوی

وتم ئەی تۆ چۆنی ئازیز؟

ئەی سیروانە خنکاوەکەی دەستی دیجلە

ئەی زەردەخەنەی خوێناوی

واتە لەڕێگای ئەم دەستەواژو ماناو دەلالەتی واتایانەوە د،شێرکۆ پێمان دەڵێ ئەوەی برسی و هەژارو نەدار بێ لەبەر ئەوەی پشتی نییە، بێئەوەی بە خۆی بزانێ کاتێک سەرهەڵدەبڕێ شانی ئارداوی کراوە بەتۆمەتێک، کەتەواوی ژیانی لەزیندان بەرێتە سەر، لەکاتێکدا ئەو بانگەشەی دادوەرەکان دەکات کە هۆشیاربن لە ئاڕاستەکردنی یاسا و بەندە یاسایەکاندا بەرامبەر بەهاوڵاتیان بەچاوێکی دادوەپەروەرانە لەدۆسیەکان بڕوانن.

کاتێک ئاماژە بۆ تروسکەی هیوایەک دەکات لەم هەرێمەدا، دەڵێ:

دوایین ویسگەی جادەی هیوا

کەلاوەیەکی تاریکە،

لێی نوسراوە کە پەشیمانیی

واتە هەرهەوڵێک بۆچاندنی تۆوی هیوا بنرێت لەم هەرێمەدا لەبەر نەبوونی متمانە ئاکامەکەی دیقکردنە لەچاوەڕوانیەکی بێ نەتیجەدا.

د،شێرکۆ لەم دەقە تەنز ئامێزەیدا بەڕوونی دەستنیشانی ئەوانەی کردوە کەتاوەکو ئێستاش گەرچی هەڵەبجە بڕیاری بەپارێزگابوونی هەڵەبجەدراوە، بەڵام لەسەرزەمینی واقیعدا، هێشتا بودجەو بودجەی تایبەتی پارێزگاکان هەڵەبجە ناگرێتەوە هێشتا چەند دام و دەزگایەکی فەرمی کە پێویستە لەهەڵەبجەدا بوونیان هەبێ، هێشتا دانەنراوە ، هۆکاری ئەم کەمتەرخەمی و لاموبالاتەش دەخاتە ئەستۆی عەقڵیەتی فرە کوێخایی کورد خۆیەوە، لەکۆتایدا شاعیر ڕەخنەی توند دەگرێ لەبەرپرسانی هەرێم کەخاوەنی دۆسیەی نەوت و فرۆشتن و بەجیهانی کردنی نەوتی هەرێمەوەن گەر قازانجی فرۆشی نەوت بۆ خەڵکی کیمیابارانکراوی هەڵەبجەو ئەنفالەکانی گەرمیان و خەڵکی کوردستان نەبێ ، ئەوا ئیدی پێویست بەهیچ ناکات بۆ دەبێت لەپاڵ فرۆشتنی نەوتی هەرێم هەڵەبجە سواڵ بۆ مانەوەی ڕابگەیەنێ...؟

****

وتت سڵاو، چۆنی؟ باشی؟

ئەی عەتری دڕک

ڕوومەتی سورهەڵگەڕاوی لە پاش زلە

ئەی شیعری سەر لوولەی پاقلە

ئەی برسێتیی شان ئارداوی

وتم ئەی تۆ چۆنی ئازیز؟

ئەی سیروانە خنکاوەکەی دەستی دیجلە

ئەی زەردەخەنەی خوێناوی

بۆ کوێ بڕۆم؟

لە وڵاتی عەشقی مندا

دوایین وێستگەی جادەی هیوا

کەلاوەیەکی تاریکە

لێی نووسراوە پەشیمانی

هەور یەعنی بێ ئومێدبوون لە باران و

دیقکردنی چاوەڕوانی

تۆش هەڵەبجە

هەرچییەک بکەی بێ سوودە

چونکە کوێخا

مەلازادەکەی خەتێیە

چونکە تەئریخ لە پرسەکەتدا چەقیوە و

هەموو ڕۆژێ شانزەی سێیە

***

هەرکاتێ دەم بکەمەوە

ئیسپات ئەبێ

کەرێتی ئەنواعی زۆرە

ساویلکەیی ویراسییە

هەر کات وێنەکەت دائەنێی

ئیسپات ئەبێ

بێکەسیی سنووری نییە

***

تۆ کوشتەی دەستی جوگرافیای

باڵای هیچ زامێک ناتگاتێ

ڕۆژانەکەت

باوەپیارەکەت ئەتداتێ

بارمتەی دەیان جۆر مافیای

وەک شەرەفی شیعرم تەنیای

دەستەخوشکی سلێمانییت

تۆش گوندێکی فرەکوێخای

***

شەقێک لە دیکارت هەڵ ئەدەم

کتێبەکانم دەفرۆشم

تۆش لای بەرمیلێک نەوتەوە

پەڕۆی سواڵەکەت ڕابخە

بڵێ ئاوارەو نەخۆشم

## درێژەی دوا وتە

بەو سیاسەتی جەنگییە و ئیرادەیەکی شۆڕشگێرانە لەپشت ڕاپەرینەوە ئامادەیی نەبوو. بۆیە لەگەڵ جوڵەی گەڕانەوەی بەعس بۆ کوردستان، بەر لە جەماوەر حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئەوانەی بە ئەندازیاری ڕاپەرین!! ناویان دەبرێت... پێش لەخەڵکی دەستیان لەو هەموو چەک و جبەخانەیە هەڵگرت کەبەدەستیانەوە بوو، وە کەوتنە ڕاکردن و نیشاندانی بەزین و دۆڕانی خۆیان لە گەمەو مانۆڕێکی ئاشکراو بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا...خستە ڕوو.

لەو ئاوارەیە بەکۆمەڵەدا، بەدەیان کەس لە پیر و منال، گیانیان لەدەستدا، لەناو دڵی ئەو ئاوارەیەدا حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کەوتنە سازش و مفاوەزات لەگەڵ پیاوانی بەعس.

هێشتا سێبەری ئاوارەیی ساڵی ١٩٩١ لە یادەوەری چەندین نەسڵدا ماوە. بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنتەکانیش بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوو بەردەستن، کەچی هێشتا سێبەرو مۆتەکەی ئاوارەیی تر ئەگەری پێشبینکراون بۆ هەلومەرجی سیاسی کوردستان لەژێر سایەی دوو دەسەڵاتی دز و تاڵانچی و نابەپرس و ئۆپۆزیسیۆنێکی عاشقی دەسەڵات و تامەزرۆی داهات و ساماندا.

هێشتا هەر ڕووداوێکی سیاسی، هەر ئاڵوگۆڕێکی گەورە، هەر هەڕەشەیەکی جدی وڵاتانی ناوچەکە، قوڵبونەوەی ململانێی نێوان بەغدا و هەرێم و لەحاڵەتی زبری خۆیدا، هێرشی لەناکا و هێزو گروپی لەچەشنی داعش... دەتوانێت خەڵکی کوردستان ئاوارە بکات و برینی ئاوارەیی ملیۆنی بکولێنێتەوە.

ئەمساڵ لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان بیر لە کارەساتی ساڵی ١٩٩١ دەکەنەوەو مەینەتەکانی ئەو کاتەو قوربانیانی ئازاریان دەدات، کە بەڵایەکی تر، بەڵای ئەزمەی تەندروستی و هەڕەشەی بڵاوبوونەوەو پەرەسەندی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، خەڵکی کوردستانی وەکو بەشێک لە خەڵکی دنیا لەبەردەم ترس و دڵەڕاوکێدا ڕاگرتووە.

ئەگەر ساڵی ١٩٩١ خەڵک بە کۆمەڵ ناچار بە ڕاکردن کران... هاوسۆزی نزیکی یەکتری بوون و خەڵکی لە نزیکەوە بەشداریان لە خەم و ناخۆشیەکانی هاوچارەنووسەکانیاندا دەکرد، لە پرسەو ناخۆشیەکاندا، لە مەراسیمی ناشتنی ئازیزانیاندا، لەدەوری یەکتری کۆدەبوونەوە، ئاهەنگ و خۆشیان بەیەکەوە دەگێڕا... ئەوا ئێستا بەهۆی ڤایرۆسی کۆڕۆناوە، تاڕادەیەکی زۆر خەڵکی لە یەکتری دابڕێنراون. هاتوچۆ و سەردانی کۆمەڵایەتی ڕاگیراوە، ڕێگە لەدەربرینی هاوخەمی لەنزیکەوە گیراوە و تەنانەت خانەوادەیەک ناتوانن مەرگی ئازیزێکیان وەکو ئەوەی پێویستە بگەیەنە مەنزڵگای خۆی... کۆمەڵگەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان هەڵپەسێردراون و ژیانی کۆمەڵایەتی قوفڵ دراوە.

ئەگەر لە ساڵی ١٩٩١ و لەدڵی کارەساتی ئاوارەییدا حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی دڕندەی بەعس بۆ بەشداری لە دەسەڵاتدا، ئەوا لەدۆخی کارەساتباری ئێستادا، هەر ئەو حزبانە بەرپرسیاریەتییەکی بەکردەوە لەدابینکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزاریی و مافەکانی جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگە هەڵناگرن و لەوەش نابەرپرسانەتر موچەی کارمەندان و فەرمانبەران دوا دەخەن، یان خۆیان لە دابەشکردنی دەدزنەوە...

ئەم مامەڵەیەی دەسەڵاتی سیاسی لەئیستادا، درێژەی هەر ئەو مامەڵەو کارنامەیە کە لە ساڵی ١٩٩١ وە دەستی پێکردووە، ئەوکاتە بەدەست خستنە ناودەستی بەعس و بە تاڵانکردنی کارگەو دامەزراوەکانی حکومەت و پاشان بەسەرکوتی سیاسی و ژن کوژی نۆکەر پیشەیی دەستیان پێکرد، ئەوا ئیستاش بە بەرخوردی نابەرپرسانە لە قەیرانێکی تەندروستی کەم وینەی دنیادا، دەستیان بەهەمان کارنامەوە گرتووە، ئەوەش ئەو ڕاستیە دوپات دەکاتەوە، کە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ ماف و ئازادییەکان و ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیاندا ناتەباو دژە.

**کۆتایی ئازاری٢٠٢١**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
سەردار عەبدوڵا حەمە، فاتیح عەباس، شوانە حەسەن،ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا سالح، کاوان قادر، سالار حەمە سەعید،خالید بایەزیدی،حەکیم میرزا، جەمال نوری، سەردار عەبدوڵا
لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت سەبارەت بە"٣٠ هەمین ساڵیادی ئاوارەیی"

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

## بەرزو بەڕێزە یادی گیان بەختکردوانی بزووتنەوەی شورایی لە کوردستان...

کۆتایی مانگی مارس و سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٩١، سوپای دڕندەی بەعس، هێرشی کردەوە سەر کوردستان بەمەبەستی دوبارە گێڕانەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانی خۆی، کە بووە هۆی ئاوارەیەکی ملیۆنی خەڵکی کوردستان. لە کاتی گەڕانەوەی سوپای بەعسدا، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هێزی چەکدار و سەرانیان،لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی چەکی باش و جبەخانەیەکی فراوان بوون کە پیشتر لە راپەریندا دەستیان بەسەردا گرتبوو، ڕێگەی ڕاکردن و بەزینی پێش وەختەیان گرتە بەر، کە لەگەڵ خۆیدا بەناچار خەڵکی کوردستانیش ئاوارەی سەر سنورەکانی عیراق/ ئیران، عێراق/ تورکیا، عێراق/ سوریا کرد، ئەم ئاوارەییە بووە هەڵگری سەدان و هەزاران چیرۆکی دڵتەزێن.لە جەرگەی ئەو تراژیدیا ئینسانییەدا... ئەوەی لەو نێوەدا هەوڵیدا خەڵکی کوردستان لە دڕندەیی سوپای بەعس بپارێزیت و بەرگری لەخەڵکی کوردستان بکات، بزوتنەوەی شورایی و شوراکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی بوون... بەڵی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی سەرباری کەم ئەزموونی و نەبوونی پێداویستی سەربازی پێویست، بریاری بەرەنگاری و وەستانەوە بەرووی سوپای درندەی بەعسیاندا، بەداخەوە لەو بەرامبەرکێ نابەرابەردا ژمارەیەک لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی گیانیان بەختکرد... ئەمانەی خوارەوە پۆلێک لەو هاوڕێ گیان بەختکردوانەن...









## دوا وتە

# لە ئاوارەیی بە کۆمەڵەوە بۆ لێکدابڕاندنی کۆمەڵایەتی...

عەبدوڵا مەحمود



ئەمساڵ ٣٠ ساڵ بەسەر ئاوارەیی بەکۆمەڵ و ملیۆنی خەڵکی کوردستان، لەبەرامبەر بە گەڕانەوەی سوپای دڕندەی بەعسدا تێپەڕدەبێت.

٣٠ ساڵ لەمەوبەر خەڵکی کوردستان، بە وێنەی میهرەجانێکی تراژیدی بەکۆمەڵ، بە ئاوارەبوون لەبەرامبەر بە گەڕانەوەی رژێمی بەعسدا، نمایشی درەندیی سیستەمێکی قەومی دیکتاتۆریان، نیشانی دنیادا. ترس لەدەست رژێمیکی قەسابی کراو، کە پێشوتر کارنامەی سەرکوت و دڕندەیەکەی لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازی عێراق و کوردستانەوە ئەزموونکرابوو، پێشهاتێکی چاوەروانکرا و وەڵامێکی ناچاری و کاردانەوەیەکی سلبی خەڵکی کوردستان بوو بەو رژێمە هارە.

خەڵکی کوردستان بەخۆشباوەریان بە جەنگی ئەمریکا لەدژی عێراق، هێز و ورەی راپەرینیان جمابوو، بە پشت تێکردنی ئەمریکاش هێزی ئەژنۆیان ڕما و لەبری هیچ کاردانەوە و رووبەڕووبوونەوەیەک، کێبەرکێی راکردن و خۆدەربازکردن بوونە نمایشی کەم بینراوی دنیا. حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی "بەرەی نیشتیمانی" مایەی خۆیان و خەونی گەیشتن بەدەسەڵاتیان، لەگەڵ رەوتگەلی ئیسلامی سیاسی شیعی شەتەکی سیاسەتی ملهورانەی ئەمریکا و غەرب دا و بوونە گوێڕایەڵی سیاسەتی جەنگی و ویستی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا. حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی تورەیی و نەفرەتی خەڵکی کوردستانیان لەدژی بەعس ئاوێزانی ئامانجی ئەمریکا و غەرب کرد و کردیانن بە زەخیرەی راپەرینێک، کە توانی بەعس رابماڵێ، بێ ئەوەی ئاسۆی شۆرشگێرانەی بۆ ئاڵوگۆری ریشەیی لە ژیانی خەڵکی کوردستاندا پێک بهینێت. بێ ئەوەی دەسەڵات بگوازێتەوە بۆ خودی جەماوەر.

هەر بەهۆیە زۆر سادەیەوە، کە راپەرینی خەڵکی کوردستان، بەرهەمی هەلومەرجێکی شۆرشگێرانە، و خەباتێکی سەربەخۆی لە پیشتر و پێشرەوی هەنگاو بەهەنگاو لەدژی بەعس نەبوو، وە بەرهەمی گۆرانی هاوسەنگی هێز لە خەبات و تیکۆشانێکی رۆژانەدا بە قازانجی خەڵکی کوردستان نەبوو لەبەرامبەر بە بەعسدا، بەڵکو ئاکامی تیکشکانی سەربازی عیراق بەدەستی هیزی دەرەکی و لەرێگای جەنگێکی هەژموونخوازیەوە بوو،
ڕاپەرین بووە بەشیک لە سیاسەتی خۆبەستنەوە بۆ لاپەڕە 16